71

ئازادی، یەكسانی، حكومەتی كرێكاری

تایبەت بەهێرشی ملهورانەو سەركوتگەرانەی (ی.ن.ك) بۆ سەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق

# بۆپێشەوە

بڵاوكراوەیەكی سیاسی‌یە، ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق دەری دەكات

ژمارە (٧١) سەرەتای ئابی ٢٠٠٠ | ٨ لاپەڕە | No.(71) August 2000


# هێرش بۆ سەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق پەلاقاژەیەكی بێهودەیە!

**كرێكاران!**
**جەماوەری ئازادیخوازی ناوچەكە!**
**ژنان و پیاوانی یەكسانیخواز!**
**هەلسوراوان و لایەنگرانی بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و كرێكاری!**

یەكیتی نیشتمانی كوردستان ماوەی چەند مانگە بە مەبەستی سەركوت كردنی ئازادی سیاسی و زاڵكردنی فەزای ئیستبدادو كۆنەپەرستی و خزمەت كردن بە ڕژیمی كۆنەپەرستی ئیسلامی و رژیمی بەعس، كەوتوەتە شەرفرۆشتن و پیلانگیران لە دژی حزبی ئیمە. سەرەتا ویستی پەردەی قانون بەسەر پیلانەكەیدا بدات. شكاتنامەیەكی پر لە شەرمەزاری خستەبەردەم دادگاكەی خۆیان و داوای كرد حزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق وەكو حزبیكی تاوانبار دادگایی بكرێ و هەلسورانی قەدەغە بكریت. ئەو شكاتنامەیە بەلگەی ریسوای و شەرمەزاری بوو بۆ یەكیتی، لەویدا تاوانەكانی حزبی ئیمەی بەوە تۆماركردبوو كە داوای یەكسانی مافی ژنان و پیاوان و هەلوەشانەوەی قانونە كۆنەپەرستانەكانی ئەحوال شخصی رژیمی بەعس و بەرپاكردنی ریفراندۆم و جیابونەوەی كوردستان و جیاكردنەوەی دین لە دەولەت دەكات،... هەموو ئەمانە كە بۆ حزبی ئیمەو خەلكی ئازادیخواز مایەی شانازی و سەروەری‌یە، لە روانگەی یەكیتی‌یەوە، بەهەمان شێوەی رژیمی بەعس، بە تاوانی گەورە لە قەلەم دراوە. ئەوكات پیلانە (قانونی)یەكەی جەنابی تالەبانی لە لایەن جەماوەری ئازادیخوازو سەدان شخصیات و ریكخراوەو لایەنی سیاسی ناوخۆو دەرەوە ریسوا كراو ناچاربوون بیكێشنە دواوە. بەلام دوای دوو مانگ پاش ئەوەی یەكیتی هەموو ئومیدیكی لە ریكەوتنامەی واشنتۆن براو سەرلیشواوی سیاسی غەرقی كرد، لەم كاتەدا پەنای بۆ ئەوەبرد كە لە ریگای داسەپاندنی ملهوری و خۆشخزمەتی بە رژیمی ئیسلامی ئیران و رازی كردنی دلی رژیمی بەعسەوە پەلەقاژەی دەربازبوون لەم ئەزمەو سەرلیشیواوی‌یە بكات.

پیلانی ئەمجارەیان ناونا بردنەدەرەوەی بارەگای چەكداری حزبەكان لە شار، بەلام ئەم بەهانەیە پروپوچ و ڕسواو بێمایە بوو، لە كاتیكدا خۆیان هەموو شاریان میلیتاریزە كردوەو بە مقرو هیزی چەكدار خەلكیان هەراسان كردوە، رایانگەیاند كە لە پیشدا دەبێ حزبی كۆمۆنیستی كریكاری مقرەكانی لە شار بەریتەدەر. بەلام راستی مەسەلەكە ئەوەبوو كە جەنابی تالەبانی ماوەی دوو هەفتەی رابردوو لە تاران لەگەل سەرانی تاوانباری جمهوری ئیسلامی و بەرپرسی دەزگا تیرۆریستەكانی لەوانە سوپای پاسداران، خەریكی سات و سەوداو مامەلەی سیاسی بوو. ئەمەش لە هەلو مەرجیكدایە كە ریكەوتنامەی واشنتۆن دوچاری ئیفلاسی یەكجاری بووەو رەوتی وەزعەكەش تا هاتوە زیاتر بە زیانی یەكیتی شكاوەتەوەو پالی بە یەكیتی‌یەوە ناوە بۆ ئەوەی زیاتر خۆی بخزینیتە باوەشی جمهوری ئیسلامی‌یەوەو راستەوخۆ وەكو بەكریگیراوی ئەو كاربكات. لەم سات و سەودایەدا گفتی بەو ئینسان كوژانە دابوو كە شەر بە حزبی ئیمە بفرۆشێ و هیرشی بكاتەسەر. هاوكات بەمە دلنەوایی رژیمی بەعس بكات بۆ ئەوەی دوای ئەو ئیفلاسەو لە توندبونەوەی كیشەی ئایندەی یەكیتی و پارتی‌دا ئەمە بۆ یەكیتی لەبەرچاو بگریت.. بەپێی ئەم پیلانە دەستی دایە هیرش و پەلاماری

بۆ ل-٢



محمد مصطفى-كەیم



عبدالباسط محسن-شێخ عەبدول



ابراهیم محمد ڕۆستەم-هاوكار



ئومێد نیكبین

پێنج كۆمۆنیستی شۆڕشگێر
پێنج خەباتكاری ڕێگای ئازادی و یەكسانی و خۆشبەختیی چینی كرێكارو هەموو ئینسانەكان
كە ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٤ بەفەرمانی سەرانی یەكێتی و بەدەستی خوێناوی هێزەكانی ئاسایش كوژران.



هاوڕێ لەتیف

**شه پۆلی ناڕەزایەتی‌یەكانی خەڵكی ئازادیخوازو ئەندامان و دۆستانی حیزب بەرامبەر بە پەلاماری چەكدارانەی (ی.ن.ك) بۆ سەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق و ڕێكخراوە جەماوەرییەكان!**

لە لاپەڕەكانی (٤)و (٥) دا بخوێننەوە..



منصور حكمت

**تاوانی یەكێتی نیشتمانی لەدژی خەڵكی كوردستان مەحكومە**

## ئێمە ئەمێنینەوە، ئێوە ئەڕۆن!

كوشتنی بێشەرمانەی (٥) كۆمۆنیستی شۆڕشگێڕی كوردستان بەدەستی جەلال تاڵەبانی و یەكێتی نیشتمانی، كوشتنی پێنج ئینسانی پاك و شەریف كە ژیانی خۆیان نابووە پێناوی ڕزگاری بێبەشان و ئازادی و یەكسانیی ئینسانەكان و بەختەوەریی كۆمەڵگای كوردستان، ئیتر ئایندەی خەڵكی كوردستانی لەگەڵ ئەم كۆنەپەرستانەدا بەیەكجاری ڕۆشن كردەوە. هەڕەشەو دەستگیری كردنەكان و ئاوو كارەبا بڕین و شەقاوەچێتی كردنە ڕاستڕەوانەكانی تائێستای ئەم تاقمە، هێشتا زۆری فەرقە لەگەڵ هێرشی چەكدارانە بۆسەر نوسینگەی حیزبێكی سیاسی بەمەبەستی كوشت و كوشتارو ئار.بی.جی وەشاندن لە سەیارەی سەنتەری پارێزگاری ژنان و خەڵتانی خوین كردنی سەرنشینەكانی و وەرگرتنی ڕاسپاردەی ئینسان كوشتن لە تارانەوە. ئەم پەڵەی نەنگە پاك نابێتەوە.

هاوڕێیانی ئێمەیان بۆ كوشت؟ بگەڕێنەدواوەو چاوێك لە "شكاتنامە"كەی چەند مانگ لەمەوبەری "دادگا"ی حكومەتە عەشیرەتی– لۆمپنی‌یەكەی تاڵەبانی لەدژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق بكەن. بەخەتی ڕەش لەسەر سپی نووسیویانە تاوانی ئێمە ئەوەیە كە بانگەشە بۆ یەكسانیی ژن و پیاو ئەكەین، كە لەبەرامبەر تیرۆریزمی ئیسلامی و عەشیرەتی‌دا دیفاع لە ژنان ئەكەین، كە بانگەوازی خەڵك ئەكەین بۆ دیفاع لە حیزب، كە لەبەرامبەر ڕەوتە كۆنەپەرستە ئیسلامیەكان ڕاوەستاوین و لەدژی بەئیسلامی كردنی كۆمەڵگای كوردستان و زاڵكردنی مۆتەكەی ڕەشی دین بەسەر ژیانی ملیۆنەها خەڵكدا خەبات دەكەین، كە خوازیاری ڕاگەیاندنی جیابوونەوەی كوردستانی عێراق و كۆتایی هێنان بە بێمافی و بێناسنامەیی و بێئایندەییەكین كە هاوشێوەكانی تاڵەبانی نزیكەی دەساڵە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكاو دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە بەسەر خەڵكی كوردستانی عێراقیاندا سەپاندووە. تاوانی ئێمە ئەوەیە كە جەنابی تاڵەبانی و تایەفەكەی پوڵ و تفەنگو مەئموریەتێكیان لە ئەملاوئەولاوە وەرگرتووە، تاوانی ئێمە ئەوەیە كە خەڵكی كوردستان بەشایستەی شتێكی لەمە باشتر ئەزانین، تاوانی ئێمە ئەوەیە كە بووینەتە ئاستەنگ لەبەردەم ڕاووڕووت و فەرمانڕەوایی كۆمەڵێك سەرۆك عەشیرەت و چەتە لە كوردستانداو دەمانەوێ خەڵك خۆی دەسەڵاتدار بێت و چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت.

تاڵەبانی و یەكێتی نیشتمانی یەكەمین كۆنەپەرستانێك نین كە لەدژی كۆمۆنیستەكان دەست بۆ چەك ئەبەن. یەكەمین كەسانێكی ساویلكە نین كە پێیان وایە بەزەبری چەك دەكرێ بەسەر كۆمۆنیزمدا زاڵ بێت. حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لەم شەڕەدا خاراوتر دێتە دەرەوە. پەیوەندی ئێمە لەگەڵ خەڵكی كوردستاندا لەجاران

بۆ ل-٧

## لەم ژمارەیەدا


* یەكێتی، بارەگای ڕێكخراوی سەربەخۆو سەنتەری پارێزگاری ژنانی بەزۆری چەك داخست!....... ل٣
* ڕێكخراوە كان، ڕۆشنبیران، نووسەران، كەسایەتیە پێشكەوتنخوازەكان ناڕەزایەتی دەردەبڕن....... ل٥
* وڕینەكانی گێلە پیاوێك ........................................ ل٦
* قەڵەمی بەكرێگیراو ........................................ ل٦


## مژدە

**بۆ كرێكاران، ئەندامان و دۆستانی حیزب**
**بۆ گوێگرانی ڕادیۆی دەنگی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**
**بەم زووانە ڕادیۆی سەرتاسەریی حیزب لە ئەورووپاوە دەست بە پەخشكردنی بەرنامەكانی دەكاتەوە**
لە هەركوێ هەن، لە ئەوروپاو عێراق و هەموو ناوچەكە، دەتوانن گوێ لەبەرنامەكانی بگرن

# پاشماوەی هێرش بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ...

چەکدارانە بۆ سەر حزبی ئیمەو شەریکی نارەواو نابەرابەری بەسەرماندا سەپاند.

یەکیتی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پیلانەی لە دژی حزبی ئیمە سەرەتا بەپێی قانونی عشیرەتیو میلیشیایان هەستا بەبرینی ئاوو کارەباو تەلەفونی بنکەو بارەگاکانی حزبو ریکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، دواتر تەقەی لە خۆپیشاندانی هیمنانەی ئەندامانو دۆستانی حزبمان کرد کە رۆژی ١٣-٧-٢٠٠٠ لە دژی کردەوەکانی ئەو بەریخرابوو. پاشان دەستی دایە حملەی دەستگیرکردنی ئەندامانی حزبمانو دەیان ئەندامو کادری گرتو خستنییە زیندان. بەدوای ئەمەدا کەوتە گەمارۆدانی چەکدارانەی بارەگای کۆمیتەی رابەری ریکخراوی کوردستانو کۆمیتەی سلیمانیو سەرئەنجام رۆژی ١٤-٧-٢٠٠٠ بە هیزیکی چەکداری زۆرەوە هیرشی کردە سەر بارەگاکانی حزبمان. سەرلەبەیانی ئەو رۆژە لە نزیك بارەگای کۆمیتە رابەری تەقە لە دوو هاورێمان بە ناوی(صادق نیکبینو ئارش باقری) دەکەنو ئەوانیش بەرپەرچیان دەدەنەوەو دوای شەریکی نابەرابەر کە تیایدا هاورێ صادق بریندار دەبیت، هەردوکیان دەستگیر دەکەنو بە شیوەیەکی درندانە مامەلەیان دەکەن. ئیوارەی هەمان رۆژ کاتژمیر شەشو نیو لە کاتیکدا کە وەفدی هەردوولا خەریکی گفتوگۆبوونو لەسەر چارەسەری سیاسی کیشەکە پیکهاتبوون، لە نزیکی بارەگای کۆمیتە رابەری پیلانگیرانە کەمینیکیان بۆ سەیارەیەك دانا کە ٥ کەس لە هاورێیانی ئیمەی تیابوو، لە هەموو لایەکەوە کەوتنە گوللەباران کردنی، لەویش هاورێیانی ئیمە مقاوەمەتیکی جەسورانەیان کردو لەم شەرەشدا چوار هاورێمان بە ناوەکانی(عبدالباسط محسن- ناسراو بە شیخ عبدول، ابراهم محمد رۆستەم- ناسراو بە هاوکار، هاورێ لەتیف، محمد مستەفا- ناسراو بە کریم) گیانیان بەخت کردو هاورێیەکمان بە ناوی(ئاوارە مجید) بەبریندارى کەوتە دەستی هیزەکانی یەکیتی، لە هیزەکانی یەکیتیش لانی کەم یەك کەس دەکوژرێو دوو کەس بریندار دەبیت. هاوکات لە لایەکی ترەوە هیرش دەکەنە سەر بارەگای کۆمیتەی رابەریو لەویش شەریکی تر روو دەدات، هاورێیانی ئیمە راوەستاوانە بەرپەرچی هیرشەکەیان دەدەنەوەو بواری هاتنەپیشەوەیان نادەن. لەم شەرەشدا هاورێیەکمان بە ناوی(ئومید نیکبین) خەلکی شاری سنەی کوردستانی ئیران گیانی بەخت دەکات. بۆ رۆژی دواتر مەفرەزەیەکی چەکداری ئاسایشی یەکیتی هەلدەکوتنەسەر بنکەی(سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالانی کوردستان)و تالانی دەکەنو مندالەکانی ناو بنکەکە دەردەکەن.

رۆژی ١٦-٧ -٢٠٠٠ لە کاتیکدا کە وەفدیکی رابەری حزبمان کە پیکهاتبوو لە هاورێیان(تاهر حسن، سامان کریم، فواد صادق) لەلایەن ئەوانەوە دەعوەت دەکریت بۆ گفتوگۆو تاوتوێ کردنی وەزعەکە، بەلام کاتیك دەگەنە جیگای دیاریکراو بەدور لە هەموو جۆرە پرەنسیپیکی سیاسیو بەپێی رەوشتو شیوازی مافیایی پێیان رادەگەیەنن کە دەستبەسەرنو لای ئەوان بارمتەن، لابردنی مقرەکانو رادیۆیی حزبیان کرد بە مەرجی ئازاد کردنی ئەم وەفدە. هەر لەم کاتەدا دووبارە هیزیکی زۆر لە دەوری بنکەی رادیۆیی حزبمان کۆدەکەنەوەو هەلپەرستانە پەلاماری هەردوو مقری کۆمیتەی رابەریو کۆمیتەی سلیمانی حزبمان دەدەن کە لەسەر بناغەی ریکەوتنی رۆژی پیشوتر هیزی چەکداری ئیمەیان تیا کەم کرابووەوەو لە حالی گواستنەوەیدا بووین بۆ مقری رادیۆ، ئەوان لەم وەزعیەتە سودیان وەرگرتو دەست بەسەر هەردوو مقرەکەدا دەگرن. لە هەلومەرجیکی ئاوادا کە لە لایەن یەکیتییەوە بە زەبری چەك خولقینراو وەفدی رابەری ئیمەش کرا بە بارمتە، ئیمەی گەیاند بەو باوەرەی کە لە ئیستادا دریژەدان بە کاری مقرو رادیۆ لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی ئیمکانی نییەو ناگونجێ. بۆیە بریارماندا مقرەکانی حزبو رادیوێی حزب دابخەین.

یەکیتی، لە مەیدانی سیاسەتو تەنانەت لە مەیدانی "قانون"دا بەرامبەر ئیمە ناکام مایەوە، بۆیە سەرئەنجام پەردەی لەسەر رووی خۆی هەلمالیو بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی بەکریگیراویتی خۆی پەنای بۆ چەكو ملهوری بردو لە جەرگەی ئەو شارەی کە ئیدعای دەکرد دەبێ لە چەك دابمالرێ، کەوتە لەشکرکیشیو شەرو کوشتار لەگەل ئیمە. ئیمە لەم شەرە نابەرابەرەشدا تا ئەو جیگایەی توانیمان راوەستاین، هیزی چەکاری حزبو هیزی پاریزەری رابەری حزب جەسارەتو فیداکارییەکی کەم وینەیان نواند بۆ بەرگری لە حزبو کۆمۆنیزمو ئامانجی یەکسانیخوازیو ئازادیخوازی. بە بەرچاوی جەماوەری شاری سلیمانییەوە جورئەتو شەهامەتی کۆمۆنیستی خۆیان نواند لە بەرپەرچدانەوەی پەلاماری هیزەکانی یەکیتیداو هەرهاورێیەکمان لەگەل دەیان چەکداری ئەوان جەنگیو لە مەیدانی شەردا ئەوان نەیانتوانێ بە مەرامی خۆیان بگەن، بۆیە پەنایان برد بۆ پیلانی ترسنۆکانەو سودیان لە فەزای گفتوگۆ وەرگرتو لەو فەزایەدا کەوتنە کەمین دانانو پەلاماردان، سەرئەنجام بە رەوشتی مافیا بریاری خۆیان داسەپاند. هاورێیانی زیندانی کراویشمان هاوتای ئەم راوەستاویو جەسارەتەی هاورێیانی چەکداریان لە خۆ نیشاندا. ئەوانیش بە عەزمو بیروباوەری بەهیزی کۆمۆنیستیان بە ووتنەوەی شیعاری(ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کریکاری) پاسەوانو چەکدارەکانی ئاسایشی گشتییان هەراسان کردبوو. بەم جۆرەش پەردەیەکی دیکەی شانۆی خەباتی کریکاریو کۆمۆنیستییان نمایش کرد.

یەکیتی، بۆ رازی کردنی دلی رژیمی ئیسلامی ئیرانو رژیمی بەعسو نیشاندانی خزمەتکاری بۆ ئەم رژیمە دژی بەشەریانە ئەم شەرە نارەوایەی بەسەر ئیمەدا سەپاند، هەر وەکو خودی نەوشیروان مستەفا ئەوەی راگەیاند کە لەبارەی حیزبی ئێمەوە فشاری ئێرانو عێراقیان لەسەرە، بەم جۆرە ئەو پروپاگەندەیەی خۆیان بەتالٚ دەکەنەوە کە دەربارەی بردنە دەرەوەی مقری حزبەکان لە شار، بەرێیان خستبوو. ئەوە بۆ هەموو کەس ئاشکرابوو کە یەکیتی بەگرتنەبەری سیاسەتی سەرکوتگەرانە دژی حزبی ئیمە دەیەوێ سەرجەم ئازادی سیاسیو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو یەکسانیخوازی سەرکوت بکاتو مافەکانی ژنانو پیاوانو گشت جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشی کوردستان بە پێ بشیلی. بێگومان ئاکامیکی دیکەی ئەم سیاسەتەی یەکیتی دەست ئاوەلابوونی زیاتری رژیمی بەعسو جمهوری ئیسلامی دەبیت بۆ دەخالەت لە وەزعی سیاسی کوردستانو بردنی بە ئاقاری ئایندەیەکی رەشتردا. هەروەها فرسەت دەدا بە دەستەو تاقمە ئیسلامییە تیرۆریستەکان بۆ هەراسان کردنی خەلك. هەموو ئەمانەش هەلومەرجەکە بەرەو ئەوە پال پیوە دەنین کە ئەمنیەتو گوزەرانی خەلك زیاتر تیك بچێو رووبەرووی مەترسی گەورەتر بیتەوە.

یەکیتی نیشتمانی کوردستانو ئاغاکانی دەبێ لەوە دلنیابن کە چالاکیو هەلسورانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە مقرو رادیۆکەیەوە محدود نابیتەوەو خەباتی ئەم حزبە لە ناو کریکاراندا لە کارگەو کاخانەکان، لە گەرەکە کریکاریو زەحمەتکیش نشینەکان، لە ناو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا بەردەوامەو ریشە کیش ناکرێ. خەباتی ئەم حزبە لە مەیدانی دیفاع لە مافو ئازادییەکانی خەلك، لە مافەکانی لاوانو مندالان، خەباتی لە پیناو کۆتایی هینان بەستەمی میللیو وەزعی مەینەتبارو سەرگەردانی ئیستای کوردستان لە ریگای بەرپاکردنی ریفراندۆمو جیابونەوەی کوردستانەوە، خەباتی لە دژی کۆنەپەرستیو تیرۆریزمی ئیسلامیو ناسیونالیزمو دەخالەتی دەولەتانی ناوچەکە، خەباتی بۆ دەرکیشانی خەلك لە ژیرباری دەسەلاتی ئەحزابی قەومی-عەشیرەتی، خەباتی لە پیناو رووخاندنی رژیمی درندەی بەعس ، خەباتی بۆ ریکخستنی شۆرشی کریکاریو بەرپاکردنی جمهوری سۆسیالیستی... هەروەکو خۆی بەردەوام دەبیتو هەموو ئەمانە گۆشەو مەیدانەکانی خەباتی ئەم حزبەن کە بەهیزی خۆیانەوە دەمیننو دریژەیان دەبیت. حەقانیەتی ئەم خەباتەش وەکو بەشیك لە پراتیکی سیاسی جەماوەری کریکارو زەحمەتکیشو ژنانو پیاوانی ئازادیخوازو یەکسانیخواز زیاترو زیاتر حزبو سیاسەتەکانی لەگەل خەباتو نارەزایەتی ئەم جەماوەرەدا لیكهەلدەپیکێ. یەکیتییش لەم نیوەدا جگە لە رسواییو نقوم بوونی زیاتر لە زەلکاوی ئەزمەو سەرلیشیواوی هیچی دیکەی بۆ نامینیتەوە. حزبی ئیمەو جەماوەری کریکارانو خەلکی ئازادیخواز هەرگیز لەم تاوانەی یەکیتی خۆش نابنو لە بیریان ناچیتەوە، ئەم ملهورییەی یەکیتی قیول ناکەن، دلخۆش کردنی یەکیتی بەم پەلامارە سەربازییە کورت ماوەو راگوزەرە.

هەلسورانو تیکۆشانی بزووتنەوەو حزبی ئیمە لە پال دریژەدان بەم خەباتە حەقخوازانەیەی خۆی، هاوکات بۆ رسواکردنی ئەم پیلانگیریو تاوانکارییەی یەکیتیو بەرپەرچدانەوەی بەردەوام دەبیتو لە هەموو شیوازیکی سیاسیو خەباتکارانە کەلك وەردەگرێ. یەکیتی شەریکی نارەوای بەسەر ئیمەدا سەپاندوە کە دەبێ چاوەروانی بەرپەرچدانەوەو ئاکامەکانی کردبێ. ئەگەر ئەو پێی وابێ بە پەلاماردانی ئیمە لە شاری سلیمانیو داخستنی مقرو رادیۆمان، دەتوانێ ئیمە لە مەیدان وەدەرناو بێخەم دانیشێ، زۆر بە هەلەدا چووە. مقرو رادیۆ تەنها دوو گۆشەی هەلسورانی ئیمەن، حزبو بزووتنەوەی ئیمە هیزیکی سیاسی کۆمەلایەتی ناوچەیییەو لە بەشیکی گەورەی دنیادا هەلدەسورێو دەوری هەیە. ئەمە راستییەکە کە بۆ حزبیکی ناسیونالیستی-عشیرەتی وەکو یەکیتی نیشتمانی درك ناکرێ، بۆیە هەمیشە لەسەر دووپات کردنەوەی غەلەتە گەورەکانی بەردەوام دەبیتو دەرسی لی وەرناگرێ. ئەگەر ئەو لە سلیمانی کوشتاری کۆمۆنیستەکان بکات، دەبێ ئەوەش بۆ خۆی دابنێ کە نە لەم ناوچەیەو نە لە جیهاندا ناتوانێ بحەویتەوە، ئیمە لە ئیستادا بە چەك وەلامی هیرشی چەکدارانەی نادەینەوە، بەلام شەری سیاسی ئیمە نەبراوەیە لەگەلیدا تا کاتیك ئەو بریارەی هەلنەوەشینیتەوە کە بە زەبری چەكو بە بارمتە گرتنی وەفدی مفاوەزات دایسەپاندوە. لەم شەرە سیاسیو عەمەلیەدا دەبێ تاقمەکەی تالبانیو نەوشیروان خۆیان بۆ گەورەترین ریسوایو هەراسانیو ویرانی ئامادە بکەن.

یەکیتی هەر ئیستا لەگەل نارەزایەتییەکی پانو بەرینی ناوچەییو جیهانی بەرەورووە، کۆمۆنیستەکان جەماوەری ئازایخواز، بزووتنەوە جۆراوجۆرە پیشکەوتنخوازەکان، سەدان شخصیاتو ریکخراوەو حزبو دامەزراوی جۆراوجۆر، لە کوردستانی عیراقو ئیرانو لە وولاتانی ئەوروپایی بەرامبەر تاوانەکانی یەکیتی دەنگیان بەرز کردوەتەوەو ریسوایان کردوە. ئەمە هیشتا سەرەتای کارمانە. حزبی ئیمەو هەلسوراوانو تیکۆشەرانی ئەم حزبەش بە جۆریك جیگایان لە ناو دلو دەرونی خەباتکارانەی هەزاران کریکارو زەحمەتکیشو ژنو پیاوی یەکسانیخوازدا کردوەتەوە کە لە ریشەکیش کردن نایات. ئەو هیزەی کە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەکەویتە بەرامبەر تورەییو نەفرەتی خەلکەوە یەکیتی نیشتمانییە، ئەو پالی داوە بە دیواریکی لەرزۆکەوە، ئیمە دەمینینو ئەو دەبێ بروات.

### هاورێیانو هەلسوراوانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کریکاری!

### ئەندامانو دۆستانی حزب!

ئاشکرایە کە لەم کیشمەکیشەدا لەگەل یەکیتی نیشتمانی بەرتەسکییەکی کاتیی بۆ هەلسورانی عەلەنی حزب لە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی پیکهاتووە. بەلام ئەو راستییەش لەبەرچاوی هەمووان ئاشکرایە کە حزبی ئیمە پینج مانگ پەیگیرانە لە هەموو مەیدانیکدا بەرامبەر بە یەکیتی راوەستا، سەرئەنجامیش لە شەریکی نابەرابەردا وەلامی هیرشی چەکدارانەی یەکیتی دایەوە. ئەم راوەستاوییە هەر ئیستا حورمەتو اعتبارو شخصیەتی حزبمانی لە نیو خەلکی کوردستانو لە ناوچەکەدا بەرەو سەربردوە. ئەمەش بناغەیەکی بەهیزە بۆ کارو هەلسورانی ئایندەمان. یەکیتی پەیوەندی خۆی لەگەل ئیمە بردوەتە قۆناغیکی تازەوە، لەم کارەیدا قوماریکی خەتەری کردووە کە زەرەری سیاسی گەورەی تیادا دەکات. ئیمەش هەر بەو جۆرە رەفتاری لەگەل دەکەین کە ئەو لەگەلی کردوین. لە هەمان کاتدا هەلسورانو خەباتی سیاسیو جەماوەریو ریکخراوەیی ئیمە لە هەموو ناوچەکانی دەسەلاتی یەکیتی بە شیوەی تازەو گونجاوی خۆی دریژەی دەبیت. حزبی ئیمە هەولدەدات بەخیرایی قەرەبووی ئەم بەرتەسکییە بکاتەوە، لە هەمانکاتدا خەباتو تیکۆشانی لە ناوچەکانی دیکەی کوردستانو لە ئاستی سەراسەری عیراقو گشت ناوچەکەو جیهاندا بە هەمان شیوازی پێشوو دریژەی دەبیت. بانگەوازتان دەکەین قۆلی لێهەلمالن بۆ دەورەیەکی تازەی تیکۆشان، خەباتی پر سەروەری چەند سالی رابردوومانو حورمەتو ئیعتباریك کە کە لەم کیشمەکیشەدا حزبی ئیمە بە دەستی هیناوە، پشتیوانییەکی گەورەی خەباتمان دەبیت لەم قۆناغە تازەیەدا.

**مەکتەبی سیاسی**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**٢٠-٧-٢٠٠٠**

**بۆپێشەوە**
سەرنووسەر: عەبدوڵڵا مەحمود
دابەشکردن: شەهلالەتیف، سەعید مستەفا، شنە رەحیم

**لەبەرئەوەی (ی.ن.ك) هەڕەشەی لە چاپخانەکان کردووە کە بڵاوکراوەکانی حیزبمان چاپ نەکەن، بۆیە بۆپێشەوە بەم شێوەیەی بەردەستتان دەرچووە.**

# یەکێتی، بارەگای ڕێکخراوی سەربەخۆو سەنتەری پارێزگاری ژنانی بەزۆری چەک داخست!

***خەڵکی ناڕازیو ئازادیخوازی کوردستان!***
***ژنانی ستەمکێشی کوردستان!***
***ڕۆشنبیران، ئەدیبان، هونەرمەندان!***
***ڕێکخراوو حیزبە سیاسییەکان!***
***ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوە ئینساندۆستەکان!***

ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٢١ چەکدارەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێرشیان کردە سەر بارەگای ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنانو خانەی ئەمنی ئەو ژنانەی کە سەنتەری پارێزگاری ژنان پاراستبوونی لە هەڕەشەی کوشتنو لێدانو ئەشکەنجەدان. بەم شێوەیە بەزۆرو بەزەبری چەك ئەم شوێنانەی داخست! ئەم هەنگاوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە دوژمنایەتیەکی ئاشکراو بێپەردەیە بەرامبەر بە ژنانو بزووتنەوەی ژنانو مافو دەسکەوتەکانی ئەم بزووتنەوەیە، بەدوای هێرشی بەرفراوانی چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقو داخستنی بارەگاکانی بەزۆری چەكو کوشتار دەستی پێکرد!

سەرەنجام یەکێتی لەژێر ناوی فریوکارانەی پاراستنی ئەمنیەتی شارو بردنەدەرەوەی بارەگای چەکداری ئەحزاب، ڕێگای بێگەڕانەوەی دیفاع لە کۆنەپەرستیو عەشیرەتگەریو قانوونەکانی ڕژێمی بەعسو جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێرانی هەڵبژارد، هەربۆیە هەنگاوەکانی بەهێرش کردنە سەر هەموو ئەو مافو دەسکەوتو تایبەتمەندییە ئینسانیانەی کۆمەڵگای کوردستان دەست پێکرد کە هەمو دنیا بەڕەمزی مۆدێرن بوونو ئینسانی بوونی کوردستانیان دەزانێتو لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهەموو شێوەیەك خەباتکاری ئەم ڕێگایە بوون، ڕێکخراوی سەربەخۆو سەنتەری پارێزگاری ژنان یەکێکن لە بەرهەمەکانی ئەم خەباتە. سەنتەری پارێزگاری ژنانو پێکهێنانی پەناگەیەك بۆ پاراستنی ژنان لەژێر زەبری کوشتنو تیرۆرێك کە (٩) ساڵە درێژەی هەیەو نزیك بە (٥٠٠٠) ژنی کوردستان لەم نێوەدا لەسەر سەرەتاییترین ماف بە وەحشییانەترین شێوە کوژراون، بەرهەمی خەباتی بزووتنەوەیەکە کە بەدژی تیرۆری وەحشییانەی ژنان لە مەیداندا بووەو چەندین ساڵە لە تێکۆشاندایە. سەنتەری پارێزگاری ژنان تەنها لەماوەی نزیك بە دووساڵ تەمەنی خۆیدا (٤٧٠) کێشەی ژنانی هاتە بەردەستو دەخاڵەتی تێدا کردن. چارەنووسی کوشتنی لە دەیان ژن دوور خستەوە، دەیان ژنی لەخانە ئەمنییەکانی خۆیدا پاراستووە، کێشەی کۆمەڵایەتی دەیانی دیکەی چارەسەر کرد، کە خودی حکومەتەکەی یەکێتی نیشتمانی لەماوەی ١٠ ساڵ تەمەنی خۆیدا نەك نەیتوانی وەڵام بەکێشەی ئەم ژنانە بداتەوە بەڵکو گوێو چاوی لەئاست هەموو ئەم کێشانەدا نوقاندبوو. وادیارە ی.ن.ك، حکومەتەکەی تەحەمولی هیچ دەزگایەکی مەدەنیو ئینسانی ناکات کە خەڵکی کوردستانو ژنانی کوردستان لێی بەهرەمەندبن! بەڵام ئێستا کە ی.ن.ك بە هەڕەشەی چەكو کوشتن ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنانی داخست، ئەو بەهانەو پاساوە پووچەی چیّ لێدەکات کە لەسەرەتا بەناوی ئەمنیەتی خەڵكو چوونەدەرەوەی بارەگای چەکداری ئەحزاب بەڕێی خستبوو!

یەکێتی نیشتمانی بەهێرش کردنە سەر سەنتەری پارێزگاری ژنانو خانەی پاراستنی ژنان لەتیرۆر، لایەنگری خۆی بۆ کوشتنو تیرۆرو لێدانو لووتبڕینی ژنان ڕاگەیاند! یەکێتی بەم هەنگاوەی چووە پاڵ بزووتنەوەی تالیبانو بزووتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان کە بەئاشکرا بانگەشەو فتوای کوشتنی ژنان دەدەنو ژنان دەکوژن.

هێرشی چەکدارانەی یەکێتی نیشتمانی بۆ سەر بارەگای ڕێکخراوی سەربەخۆو سەنتەری پارێزگاری ژنان، چ ئیدعایەك دەهێڵێتەوە بۆ ی.ن.ك کەلێرە بەدوا بیەوێت بەناوی لایەنگری لە مافەکانی ژنانو دژایەتی تیرۆری ژنانو مەدەنیەتو مۆدێرنیزم وە بۆ خۆڵکردنە چاوی جەماوەر بیکات؟ ئایا تەنانەت لێرە بەدوا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەتوانێ ئەندامانو کادرانێك لە ڕێزەکانی خۆشی قانع بکات بەوەی کە بەقەد نووکە دەرزییەك نزیکایەتی لەگەڵ ئازادیو مافە سەرەتاییەکانی ئینسانو ژنانو بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان هەیە؟

ئێمە لەڕێگەی ئەم بەیاننامەیەوە ئەوە ڕادەگەیەنین کە ئەوکاتەی ی.ن.ك هێرشی کردە سەر بارەگای سەنتەری پارێزگاری ژنان (١٠)ژنو (٨) منداڵ لەسەنتەردا ئەمنیەتیان پارێزرابوو، چارەنووسی ئەم کەسانە بەتەواوی لە ئەستۆی ی.ن.ك دایە.

خەڵکی کوردستان دەبێ ئەو ڕاستییە باش بزانن، ئەوەی کە چەند ساڵە ئیسلامیە سیاسییەکان لەبەرامبەر ژنانو بزووتنەوەی ژناندا دەیانوویست بیکەنو بۆیان نەدەکرا، ی.ن.ك بەزەبری چەك دەیەوێت ئەنجامی بدات. لێرە بەدوا دەبێ ی.ن.ك لە لیستی "حزب الله"یەکانو تالیبانەکانو سەلەفیەکاندا ناویان بهێنرێت. ئەمە زەنگێکی مەترسیدارە بۆ چارەنووسی ڕادیکالیزمو عیلمانیەتو پێشکەوتنخوازی، چ لەئێستاو چ لەسبەینێی ئەم کۆمەڵگایەدا. بۆیە دەبێ لایەنگرانی ئازادیو مۆدێرنیزمو عیلمانیەت، کریکارانو ڕۆشنبیرانو ژنانو لاوانی دڵپڕلە هیواو هەموو ئەو ئینسانانەی کە ئاواتەخوازن لە کۆمەڵگایەکی ئازادو یەکسانو خۆشگوزەراندا ژیان بەرنەسەرو لە مافەکانی خۆیان بەهرەمەندبن، دەنگ هەڵبڕنو نەهێڵن تابووتی مەرگ بۆ ژیانیان دروست بکرێتو لەئێستاوە کفن بەباڵای خواستەکانیان بدورێت. ئەم هەنگاوەی "ی.ن.ك" دەبێ پاشەکشەی پێبکرێت، دەبێ لەگەڵ سەدانو هەزاران دەنگی "نەخێر"و "ڕێگا نادەین" بەرەوڕوو بێت. بەپێچەوانەوە، کۆمەڵگای خەلافەتو ئەشکەوتەکان دروست دەکرێتو کۆمەڵگا بەکەڵکی ژیانی ئینسانی ئەم سەردەمە نایەت.

ئێمە دەستبەرداری خەباتی خۆمان نابین، ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنان لەئاستی هەموو دنیادا تێکۆشانو خەباتی خۆی دێژە پێدەدات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم هێرشەی یەکێتی بۆ سەر بزووتنەوەی ژنان لە کوردستانی عێراقو ناچار بە پاشەکشەی دەکات. دڵنیاین کە ئایندە بۆ ئێمە دەبێت.

***بژی یەکسانی ژنو پیاو***

**ڕیسوایی بۆ کۆنەپەرستانو دوژمنانی ئازادی**

**ناسك ئەحمەد**

**سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان**

**٢٠٠٠/٧/٢٣**

## بەیاننامەی کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق :
# سەبارەت بە داگیرکردنی بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەلایەن ئاسایشی یەکێتییەوە

**پاش ئەوەی ڕۆژی ٧/١٩ هێزێکی ئاسایش ئەچێتە سەر بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنان، ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٢١ دووبارە هێزێکی ئاسایش هەڵیانکوتایەوە سەر بنکەی ڕێکخراوی ناوبراوو بەزۆری چەك دەستیان بەسەر بنکەو کەلوپەلەکانی ناویدا گرتو ئەو چەکدارانەی پارێزگاری بنکەکەیان دەکرد لەگەڵ ژمارەیەك لەو ژنانەی کە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەر بوووە سەنتەر داڵدەی دابوون، لەگەڵ خۆیان دەبەنو ئێستا ئاسایش لەناو بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژناندایە.**

**ئەم کردەوەیەی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی بەتەواوی ماهییەتی ئەو سیاسەتەی، تەنانەت بۆ ئەوانەش خستەڕوو کە نایانەوێ باوەڕ بەوە بکەن کە پەلاماردانی بارەگاکانو ڕادیۆی مەرکەزیی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق مەسەلەیەکی سیاسییەو هیچ پەیوەندییەکی بە گوێزانەوەی بارەگای حیزبەکانەوە نییەو سەرکوتکردنێکی ئاشکرای ئازادی هەڵسووڕانی سیاسیو چالاکی ڕێکخراوەییو حیزبییە.**

**داگیرکردنی بنکەی ڕێکخراوێکی جەماوەریی ژنانو سەنتەرێك کە تائێستا گیانی چەندین ژنی لەچەقۆی پیاوسالاری ڕزگار کردووەو بووەتە جێگایەك بۆ پاراستنی ژنان لە کوشتنو ئەتکردن، چ مانایەك دەگەیەنێ بێجگە لەوەی کە یەکێتی دەیەوێ هەموو ئاسەوارێکی پێشکەوتنخوازیو ڕادیکالیزمو ئازادیخوازی لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا لەنێوبەرێتو ئازادی سیاسی سەرکوت بکات!؟**

**خۆ بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنانیش بارەگای حیزبیو چەکداری نەبوون، بۆچی یەکێتی وە بەکام بیانووەوە چووە سەریان وبنکەکەی داگیرکردو ممتلکاتەکانی ناوی تاڵان کرد؟ تاوانی ئەم ڕێکخراوەو سەنتەری ژنان ڕێك وەکو سەنتەری منالان کەلەڕۆژی ٧/١٥ ەوە ئاسایش دەستی بەسەردا گرتووە لەڕوانگەی یەکێتییەوە ئەوەیە کە هەڵسووڕاوەکانیان، کادرو ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقنو یەکێتی نیشتمانییش لای خۆیەوە بڕیاری داوە کە هەموو جۆرە چالاکییەکی سیاسیو جەماوەریو تەنانەت ئینسانیی ئەم حیزبە قەدەغە بکات!**

**"ی.ن.ك" بەم کارەی دژ بە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنان، بزمارێکی تری لەتابووتی خۆی وەکو هێزێك کە پروپاگەندەی مۆدێرنیزمو دیموکراسی دەکات، داو ماهیەتی خۆی وەکو هێزێکی کۆنە پەرستی عەشیرەتی-ئیسلامی ئاشکرا کردو جێگای بۆ هەر جۆرە خۆشباوەرییەك بە ئیدیعا چەواشەکارییەکانی نەهێشتەوە.**

**ئێمە بەتوندی ئەم کارە سەرکوتگەرانەیەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەحکوم دەکەینو بانگەوازی ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازو جەماوەری ئازادیخوازو ڕێکخراوەکانی مودافع لە ژنانو هەروەها حیزبە سیاسییەکان دەکەین کە ئەم کردەوەیەی ی.ن.ك مەحکوم بکەنو فشار بخەنە سەری‌تا دەست لەم سیاسەتەی هەڵبگرێو بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانو سەنتەری پارێزگاری ژنان چۆڵ بکاتو ڕێگری بۆ هەڵسووڕانی دروست نەکات!**

**مردن بۆ سەرکوتو کۆنە پەرستی! بژی ئازادی!**

**٢٠٠٠/٧/٢١**

**بەیاننامەی ناڕەزایی بەرامبەر**

# دەست بەرسەرداگرتنی بارەگای ڕێکخراوی سەبەخۆی ئافرەتانو قەدەغەکردنی کارو چالاکی ئەندامەکانیان

**ژنان، ئافرەتانی یەکسانیخواز..**

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**

وەك ئاشکرایە، هەر لە دوای بەهاری ڕاپەرین (١٩٩١)وە، بارێکی باش ڕەخسا بۆ پیادەکردنی ئازادییو هەڵسوڕانی کارو چالاکی فیکریو سیاسی، لم نێوەندەشدا چەندین ڕێکخراوی ژنانو ئافرەتان بە بیرو تێزی جیاوازەوە سەبارەت بە مەسەلە چارەنووسسازو ڕەواکەیان هاتنە مەیدانو هەریەکیش بە پێی تواناو بوار بۆ ڕەخسانی کاری بۆ کێشەو چەوساندنەوەی ئافرەتان کردووە، دروستبوونی (ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکان)یش بەری ڕەنجی هەوڵو خەباتی چەند ساڵەی ئەو ڕێکخراوانەیە.

ئەمڕۆش کە کوردستان بەبارێکی بێ ئاسۆیدا دەگوزەرێ، لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە دەستەبەر کردنی ئازادییو پیادەکردنی دیموکراسیو جێگیر کردنی بنەماکانی مەدەنیو علمانیەت هەیە، کەچی بەداخەوە لەبری بەدەستهێنانی ئەو مافانە، کارەساتێکی دڵتەزێن دێتەپێشەوەو هەموو ئەو چەمکانە دەخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە.

ڕووداوی (٢٠٠٠/٧/١٤)ی نێوان هێزەکانی ئاسایشو حزبی کۆمۆنیست، بووە مایەی نیگەرانیو هەڕەشەکردن بۆ سەر ئازادیو دوورکەوتنەوە لە بەدیهێنانی دیموکراسی ڕاستەقینەو بنەماکانی یاساو مافی مرۆڤ.

مخابن دیسانەوە چەك بووە زمانحاڵی چارەسەرکردنی کێشەکانو شەرو خوێنڕشتن بووە ئەڵتەرناتیڤی زمانی ئەقڵو بەرقەرارکردنی سیستەمی دیالۆگ..!

ئەوەی هێزەکانی ئاسایشی سلیمانی لە بەرامبەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق گرتیەبەرو شەهیدکردنو ڕاوەدوونانی ئەندامانی دەلیلی قسەکانمانە.. ئەم ڕووداوە بانگەشەو درووشمی چەندین ساڵەی بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی بەتاڵکردەوەو زەنکێگی خەتەرناکیش بوو بۆ ئایندەی دیموکراسی کۆمەڵگە.

لە سەروبەندی ئەمانەشدا، (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان) کە یەکێکە لەو شەش ڕێکخراوەی (ناوەند)ی لێپێکهاتووە، کەوتە بەر ئەو هێرشەو بارەگاکەیان دەستی بەسەردا گیراو چالاکی هەڵسوڕانی ئەندامەکانی قەدەغەکرا.

ئەم کارە ناشارستانییە گورزێکی کوشندەیە لەڕەوتی خەباتی پەرەسەندووی ئافرەتانو درز خستنەڕیزی هاوپەیمانیەتیو هاوهەڵوێستی ئەو ڕێکخراوانەیە. ئەم کارە ئێمەی ئافرەتان لە مەارمو داخوازیەکانمان دوور دەخاتەوەو بەسوود بۆبەرەی کۆنەپەرستی دژ بەژنانو بەردەوامی پاشکۆبوونو چەوسانەوەیان دەگەڕێتەوە.

ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان چ بەتەنهاو چ لەگەڵ ڕێکخراوەکانیتر خزمەتی مەسەلەی ئافرەتانی کوردستانی کردووەو ئێستاش لەناوەندی هاوبەشدا وەك ڕێکخراوێکی چالاك کار دەکات.

بۆیە ئێمە لێرەدا ناڕەزایی خۆمان بەرامبەر هەموو ئەو کارە پێشێلکاریانە، بەتایبەت داگیرکردنی بارەگای ڕێکخراوی ناوبراو دەردەبڕینو داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەین شێوازی دیموکراسیانەو زمانی ئەقڵو مەنتیق بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانو ڕێگای کارو چالاکی ڕێکخراوی سەربەخۆش بدرێو نەی بەستنەوە بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکارییەوە، هەورەها دەست بەجێ بارەگاکەیان تەسلیم بکریتەوەو هیچ ئاستەنگێك لەبەردەم کارو چالاکی هەڵسوراوانیان دانەنرێتو قەرەبووی زیانەکانیان بۆ بکریتەوە. بۆئەوەی لەپاڵ ڕێکخراوەکاندا بەردەوام بن لە گەشەپێدانی ڕەوتی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئافرەتان لە کوردستان.

سەرکەوێ ڕەوتی ڕەوای ئافرەتانو ژنان بۆ دەستهێنانی ئازادیو یەکسانی

**ناوەندی هاوبەش**

**٢٠٠٠/٧/٣٠/ سلێمانی**

# شەپۆلی نارەزایەتی‌یەکانی خەڵکی ئازادیخوازو ئەندامان‌و دۆستانی حیزب بەرامبەر بە پەلاماری چەکدارانەی (ی.ن.ك) بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان!

بەدوای پەلاماری چەکدارانەی هێزەکانی (ی.ن.ك) بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزب لە شاری سلێمانی‌و هەروەها بەکارهێنانی شێوازی مافیایی‌و چەتەگەری بەبارمتەگرتنی وەفدی مفاوزی ئێمە بەمەبەستی داسەپاندنی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی خۆی بەسەر حیزبدا، کەبریتی بوو لە داخستنی هەموو بنکەو بارەگاکان‌و داخستنی ڕادیۆی حیزب، جەماوەری ئازادیخوازو نووسەران‌و ڕۆشنبیران‌و ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و چەندین لایەنی سیاسی‌و ڕێکخراوەی جەماوەری‌و کرێکاری لە ناوخۆی کوردستان‌و دەرەوەیدا بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتیان دژ بەم سەرکوتگەری‌یەی یەکێتی نیشانداو شەپۆلی ئەم نارەزایەتیانە تەنانەت ناو ڕیزەکانی یەکێتی خۆیشی گرتەوە. دەیان بەیاننامەو بڕیارنامەو ڕاگەیاندن‌و نامەی نارەزایەتی بڵاوکراونەتەوەو دەیان خۆپیشاندان‌و ئاکسیۆن ئەنجام دراون. شایانی باسە یەکێتی نیشتمانی لە شارەکانی ژێردەسەڵاتی خۆیداو بەتایبەتی لەشاری سلێمانی بە هەڕەشەو چاو سوورکردنەوەو زاڵکردنی جەوی سەرکوت‌و بڵاوکردنەوەی دەزگا جاسووسی‌یەکانی بەناو شاردا هەوڵی زۆری دا بۆ پێشگرتن بە ئاکسیۆنی جەماوەریی حیزب‌و دۆستان‌و لایەنگرانی‌و خەڵکی نارازی‌و پێشکەوتنخواز.

لێرەدا چەند گۆشەیەك لەو نارەزایەتیانە ئەخەینە بەرچاوی خوێنەران:

## بەیاننامەو ڕاگەیاندنەکان:

بەیاننامەی منصور حکمت لە بەرواری ٧/١٦، کورش مدرسی–٧/١٤، ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەریی اصغر کریمی لەجیاتی هەیئەتی دەبیرانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران–٧/١٥، بەیاننامەی کۆمەڵێك لە ئەدیب‌و نووسەرو هونەرمەندو ڕۆشنبیرو خەڵکی ئازادیخواز– ٧/١٥، ڕاگەیاندنی ناوەندی ڕابەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕانی کۆمۆنیست–٧/١٦، نامەی نارەزایەتی شێرکۆ بێکەس–٧/١٦، پەیامی حەمەسەعید حەسەن بۆ نەوشیروان مستەفا–٧/١٧، بەیاننامەی شازین هێرش– نووسەرو شاعیرو پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی–٧/٢٠، دوو بەیاننامەی دەستەیەك لە ڕۆشنبیرانی مارکسی لەسەر تاوانەکانی یەکێتی دەرحەق بە حککع–٧/١٨و، دەستگیرکردنی شازین هێرش لەلایەن یەکێتی‌یەوە–٧/٢٢، نامەی نارەزایەتی (٤٠) کەس لە ئەدیب‌و ڕۆشنبیرانی شاری سلێمانی، بەیاننامەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عیراق–٧/٢٠، بەیاننامەی بزووتنەوەی بنیاتنانی حیزبی کرێکارانی کۆمۆنیست–٧/١٦، بەیاننامەی رحمانی حسێنزادە–٧/١٩، بەیاننامەی ئەسەدی گوڵچینی–٧/٢٤، نامەی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیونالیستەکان/ نەرویج–٧/٢٦، بەیاننامەی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان–٧/٣٠.

هەروەها ژمارەیەك بەیاننامەو ڕاگەیاندنی حیزب‌و هاوڕێیانی حیزبی لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات بڵاو بوونەتەوە، لەوانە سکرتاریەتی کۆمیتەی ڕابەریی‌ڕێکخراوی کوردستانی حیزب (٥)ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری لەڕۆژانی١٦–٧/١٨دا بڵاو کردۆتەوە. پەیامی م.س بەبۆنەی (٧)ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبەوە، (٤)ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی دەرەوەی وڵاتی حیزب. هەروەها ڕێبوار ئەحمەد–سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزب چەندین ڕاگەیاندنی دەرکردووەو چەند نامەیەکی ئاراستەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی‌یەکان‌و ڕای گشتی جیهان کردووە، لەوانە ڕاگەیاندنی ٧/١٤ سەبارەت بە گەمارۆدانی بارەگاکانی حیزب لەلایەن هێزەکانی یەکێتی‌یەوە، نامەیەك بۆ کوفی ئەنان سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان– ٧/١٥، نامەیەك بۆ سەرۆك‌و سکرتێری گشتی سۆسیالیستی ئەنتەرناسیۆنالیست– /٧، هەروەها نامەیەکی هاوبەشی ڕێبوار ئەحمەد–سکرتێری حیزب، ناسك ئەحمەد–سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، نازەنین صالح–مەسئولی سەنتەری پارێزگاری ژنان‌و سەرگوڵ ئەحمەد– مەسئولی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانی کوردستان بۆ ڕۆمانۆ بڕۆدی لە کۆمیسیۆنی باڵای یەکێتی ئەوروپا لەبەرواری ٢٠٠٠/٧/٢٥دا. جگە لەمانە ڕێبوار ئەحمەد لە بەرواری بانگەوازێکی ئاراستەی ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کردووە.

نامەی مینا ئەحەدی لەجیاتی تیمی گفتوگۆو وەکو وتەبێژی کەمپینی نێونەتەوەیی بۆ دیفاع لە ژنانی عیراق بۆ کۆمیسیۆنی ئەوروپا کە ڕۆژی ٧/٢٦ لەکۆبونەوەی کۆمیسیۆنی ناوبراودا پێشکەشی کرد.

هەروەها بەیاننامەی کۆمیتەی ڕابەری لەسەر داخستنی بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان، بەیانی ناسك ئەحمەد– سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەسەر داخستنی ڕێکخراوەکەو سەنتەری پارێزگاری ژنان. بەیانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و سەنتەری پارێزگاری ژنان لەسەر داخستنی ڕێکخراوو سەنتەر بەزمانی ئینگلیزی.

نامەی نارەزایەتی سۆشیالیست ئەنتەرناسیۆنال بۆ جەلال تاڵەبانی–٧/٢٦.

لەبەر زۆری بەیانامەکان، لەم ژمارەیەدا تەنها هەندێکیان بڵاو کراونەتەوە، هەندێکی دیکەشیان چەند بڕگەیەکیان لێ بڵاوکراوەتەوەو ئەودوای تەنها ئاماژەیان پێکراوە.

## ئاکسیۆن‌و خۆپیشاندانەکان

**کوردستانی عێراق:** لەشارەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەهۆی داسەپاندنی جەوێکی جەنگی‌یەوەو هەروەها سەرکوتکردنی هەردەنگێکی نارەزایەتی‌و تەنانەت نەدانەوەی تەرمی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو لەلایەن یەکێتی‌یەوەو ناشتنی تەرمەکان بەدزی حیزب‌و خێزانەکانیانەوە لەترسی تەقینەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئازادیخواز، نارەزایەتی خەڵك بەشێوەی بەیاننامەو ڕاگەیاندن‌و کۆکردنەوەی ئیمزای نارەزایەتی‌و بەشێوەی سەردانی پرسەی هاوڕێیان‌و هاودەردی نیشاندان‌و دەبڕینی نارەزایەتی‌یەکان لە کۆڕوکۆمەڵی خۆیاندا خۆی نیشانداوە. بەجۆرێك کە ئەم نارەزایەتیانە ڕیزەکانی خودی (ی.ن.ك) یشیان گرتۆتەوەو بەشێکی بەرچاو لە ئەندام‌و کادرانی یەکێتی کە خۆیان بەلایەنگری ئازادیخوازی‌و مۆدیرنیزم دەزانن بەشێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتیان بەرامبەر بەم سیاسەتە سەرکوتگەرانەیەی یەکێتی دەربڕیووەو تەنانەت وازهێنان لەڕیزەکانی یەکێتی‌دا دەستی پێکردووە. یەکێتی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم نارەزایەتیانە پاش ئەوەی ویستی لەسەرەتاوە مەسەلەکە بشارێتەوە، دەستی کردووە بە تەبلیغات لەدژی حیزب‌و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی هەڵبەستراوو چەواشەکارانە بۆ شاردنەوەی ڕاستی‌یەکان لە جەماوەرو لە نارازی‌یەکانی ناوخۆی.

سەرباری ئەمانە خەڵك خۆی بەشێوەی جۆراوجۆر بەیان‌و ڕاگەیاندنەکانی حیزب چاپ ئەکەنەوەو دەستاودەستی پێئەکەن..

**شاری هەولێر:** لەڕۆژانی ١٤–٧/١٨ هەزاران نوسخە لە بەیاننامەکانی حیزب بڵاوکراونەتەوەو چەندین بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو تەلەفزیۆن‌و کەناڵی ڕاگەیاندنی جیاجیا هەواڵ‌و ڕیپۆرتاژی ئەم تاوانکاریانەی یەکێتی‌یان بڵاوکردۆتەوەو چەندین لایەن ئەم کارەیان مەحکوم کردووە.

ڕۆژی ٧/١٦ لەدیواری قەڵای هەولێر دیواری ئازاد دانراو تیایدا ژمارەیەکی زۆر لەبەیاننامەو ڕاگەیاندنەکان‌و دەیان لافیتەی مەحکومکردنی تاوانکاری‌یەکانی یەکێتی نمایش کراو هەزاران کەس لەم دیواری ئازادە کۆبوونەوەو نەفرەتیان لەم سیاسەت‌و کردەوە سەرکوتگەریەی یەکێتی کرد.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوەیەکی جەماوەری بەبەشداری زیاتر لە (٣)هەزار کەس سازدرا، کە تیایدا عەبدوڵڵا مەحمود ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب سەبارەت بەم پەلامارە چەکدارانەیەی یەکێتی بۆسەر حیزب‌و ئاکامەکانی قسەی بۆکردن‌و هیوا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستانی حیزب بەیاننامەی کۆمیتەی ڕابەری لەسەر ئەم مەسەلەیە بۆ خوێندنەوە. ئەمەو چەند چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی‌و ڕۆژنامەگەری لەگەڵ عەبدوڵڵا مەحمود ئەنجام دراو، چەندین کەس لە خەڵکی ئازادیخوازی شاری هەولێر بۆ دەربڕینی هاودەردی لەگەڵ حیزب‌و نارەزایەتی‌و نەفرەت لەم کردەوانەی یەکێتی سەردانی بارەگای کۆمیتەی هەولێری حیزبمانیان کرد.

**شاری کەرکوك:** هاوڕێیانی دۆستانی حیزب لەشاری کەرکوك شەوی ١٨/١٧–٧–٢٠٠٠ لەچەند گەڕەکێکی شاردا بەیاننامەی مەحکومکردنی یەکێتی‌یان بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لەسەر دیواری قوتابخانەو شوێنە گشتی‌یەکانی گەڕەکەکانی ڕەحیم ئاوا، ئیسکان، ئازادی، حریە، شۆرجە، قۆریە شیعاریان لەدژی یەکێتی‌و ئەم کردەوە تاوانکارانەیەی نوسیووە.

هەروەها نارەزایەتی نامەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە بۆ مەحکومکردن‌و ڕیسواکردنی ئەم کردەوە دڕندانەو دژی ئازادی‌یەی یەکێتی تائێستا بەردەوامەو دەستاودەست ئەکات.

**ئێران:** بەپێی ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران کە ڕۆژی ٧/١٦ بڵاوی کردۆتەوە، جەماوەری ئازادیخوازو تووڕەو بێزار لە جمهوری ئیسلامی، لەسەر بانگەوازی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران نارەزایەتی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر بەرامبەر بەم پیلانە هاوبەشەی یەکێتی‌و جمهوری ئیسلامی دەربڕیووە، وەکو ناردنی سەدان نامەی نارەزایەتی‌و مەحکومکردن بۆ نوسینگەکانی یەکێتی نیشتمانی لە شارەکانی تاران، ورمێ، کرماشان‌و... سەدان کەس لەشارەکانی سنە، بۆکان، مەهاباد، سەقز، مەریوان، پاوە، نەوسودو کرماشان‌و شارەکانی دیکەی ئێران بەتەلەفۆن پەیوەندی‌یان بەنوسینگەکانی یەکێتی‌یەوە کردووەو ئەم کردەوە وەحشی‌یانەیەی ئەوانیان مەحکوم کردووە. هەروەها دەیان بڕیارنامەو بەیاننامەو نامەی نارەزایەتی‌و ئیمزاکۆکردنەوە لەدژی ئەم کردەوەیەی یەکێتی نووسراوە.

لەچەند جێگایەك بورکانی نارەزایەتی خەڵکی تووڕە تەقیوەتەوە، لە ناوچەی ورمێ خەڵك پەلاماری یەکێك لە بنکەکانی یەکێتی دەدەن‌و دوو سەیارەی لاندکرۆزەر ئاگر تێبەردەدەن. لەپاوە، مەسئولێکی یەکێتی دارکاری دەکەن.

شەپۆلی ئەم نارەزایەتی دەربرینانەو پشتیوانی لەهەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و ئێران لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە هەر درێژەی هەیە. هەروەها خەڵکی شورشگێڕی شاری سنە، مەراسیمی پرسەی هاوڕێ ئومێدی نیکبین، کە کۆمۆنیستێکی شاری سنە بووو ڕۆژی ٧/١٤ لەپەلاماری چەکدارانەی (ی.ن.ك) بۆ سەر بارەگاکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەسلێمانی گیانی لەدەست دا، دەکەنە مەراسیمی نارەزایەتی‌و نەفرەت لە یەکێتی نیشتمانی‌و جمهوری ئیسلامی. بەپێی دوایین هەواڵەکان یەکێتی نیشتمانی لەترسی تووڕەیی‌و نەفرەتی خەڵك زۆربەی نوسینگەکانی لەشارەکانی ئێران داخستووە.

**ئەوروپاو کەنەداو ئەمریکاو ئوستراليا:** هەر لەیەکەم ساتەکانی دوای پەلاماری وەحشی‌یانەی یەکێتی‌یەوە بۆسەر حیزبمان، هاوڕێیان‌و دۆستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و ئێران لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپاو کەنەداو ئەمریکاو ئوستراليا نارەزایەتی‌و خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم نوسینگەکانی یەکێتی نیشتمانی‌و نوسینگەکانی UNو هەندێ لەحیزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتانە بەڕێخستووە، لەوانە:

–خۆپیشادان‌و نارەزایەتی‌و میتینگی جۆراوجۆر لەشارەکانی لەندەن، ئستۆکهۆڵم، هلسنکی، بەرلین، سیدنی، هاملتن لە کەنەدا، لەدژی کردەوە دڕندانەکانی یەکێتی بەرامبەربە حیزبمان، لەبەردەم بارەگاو ماڵی نوێنەرانی یەکێتی ئەنجام دراوە.

–ڕۆژی ٧/١٧ لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید بەمەبەستی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کردەوە سەرکوتگەرانەکانی (ی.ن.ك) لەدژی حیزبمان، ئەندامان‌و دۆستانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و ئێران لەبەردەم ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سویدیدا کۆبوونەوە. هەمان ڕۆژ لەیۆتۆبۆری ئاکسۆنی‌نارەزایەتی ئەندامان‌و دۆستانی هەردوو حیزب لەبەردەم نوسینگەی ڕۆژنامەی Goteborg Postn کە یەکێکە لە گەورەترین‌و پرتیراژترین ڕۆژنامەکانی سوید، بەڕێخرا. دواتر ڕۆژنامەکە هەواڵی ئەم تاوانکاری‌یەی یەکێتی بڵاوکردەوە. شایانی باسە لەکاتی میتینگەکەدا بەیاننامەکانی حیزب بە هەرسێ زمانی، کوردی، عەرەبی، سویدی لەناو خەڵکدا بڵاوکرایەوە.

– هەرلە هەمانکاتدا هاوڕێیان‌و دۆستانی حیزب لە نەرویج لەبەردەم ڕێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناسیۆنال کۆبوونەوەیەکیان سازداو چاویان بە نوێنەری ئەمنستی کەوت‌و لەسەر ئەم تاوانەی یەکێتی دژ بەحیزب‌و ڕێکخراوە جەماوەری‌یەکان قسەوباسیان کرد. نوێنەری ئەمنستی (تۆماس هورن) بە نوێنەری حیزب، کامل ئەحمەد–ی ڕاگەیاند کە ئەمنستی خەریکی سازدانی کەمپینێکە بۆ نارەزایەتی بەرامبەر بەم کارەی یەکێتی لەسەرانسەری دنیادا.

– ڕۆژی ٧/١٧یش ئەندامان‌و دۆستانی هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق‌و ئێران لە ئەڵمانیا خۆپیشاندانێکیان بۆ بەردەم بارەگای حیزبی سوسیال دیموکراتی دەسەڵاتدار بەڕێخست، نوێنەرانی خۆپیشاندانەکە چاویان بە "فۆلف کانك فیف" بەڕێوەبەری مەکتەبی پەیوەندیە جیهانیەکان کەوت‌و سەبارەت بە کردەوە سەرکوتگەرانەکانی یەکێتی قسەوباسیان لەگەڵ کردو ئەویش هاوسۆزی خۆی ڕاگەیاندو بەڵێنی دا کە ئەو مەسەلەیە بخاتە بەردەم هەیئەتە باڵاکانی حیزبەکەی‌و بەردەم جەمعیەتی سوسیال دیموکراتەکانی ئەوروپا..

– ڕێبوار عارف–سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی Koti (maa– مالیی وڵات)، کە ڕۆژنامەیەکی سەرتاسەری‌یە فنلەندایە، سەبارەت بەم کێشەیەو پەلاماری چەکدارانەی یەکێتی بۆ سەر حیزب سازدا.

–بۆ نارەزایەتی دەربڕین لەدژی ئەم کردەوانەی یەکێتی بۆ سەر حیزبی ئێمە خەڵکی تووڕەو نارازی لە لەندەن بۆیەیان کرد بەسەر فواد معصوم–ئەندامی م.س–ی یەکێتی‌دا.

–هەواڵی نارەزایەتی‌و چالاکی‌یەکانی ئەندامان‌و دۆستان‌و لایەنگرانی حیزب لەدژی یەکێتی لەزۆرێك لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن‌و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندنەوە بڵاو کراوەتەوە.

**هەرلێرەدا بەئاگاداری خوێنەرانی بۆپێشەوە ئەگەیەنین کە لەژمارەی ئایندەدا درێژەی ئەم چالاکیانە بڵاو ئەکەینەوە.**

# ورێنەکانی گێلەپیاوێک!

## وەڵامێك بە فەرید ئەسەسەرد

تاهیر حەسەن

ئەمڕۆ زیاتر لە دوو هەفتە بەسەر ئەو تاوانە گەورەیەدا تێدەپەڕێ کە (ی.ن.ك) دەرهەق بە ئازادیو یەکسانیو بەرەی ڕادیکالیزمو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لە ١٤ی ئەم مانگەدا ئەنجامیدا. ئەم کردەوە فاشیستانەی (ی.ن.ك) کە لەگەڵ شەپۆلێکی فراوانو ناڕەزایەتی توندی خەڵکی کوردستانو ئازادیخوازانی نێو ڕیزەکانی (ی.ن.ك) بەرەوڕوو بووەوە، سەری یەکێتیو بەڕێوبەرانی ئەم سیاسەتەی دا بە بەردێکی ڕەقدا. (ی.ن.ك) وەك کارو کردەوەی هەمیشەیی بەشێوەی نهێنیو لە نێو ڕیزەکانی خۆیداو لە ڕێگای مەلا نۆکەرەکانی خۆیەوە دەستی داوەتە هەڵبەستنی درۆو دەلەسە بەو ئومێدەی ئەو ڕاستیەی کە خەڵك خۆی بەچاوی خۆی دیویەتی بسڕێتەوەو خۆڵ بکاتە چاویانو ڕاستیەکان لە پێش چاویان بشێوێنێ.

فەرید ئەسەسەرد وەك ئەکتەرێکی فاشلو گێلە پیاوێکی مەیدانی سیاسەتی فریوکاری حزبەکەی بەشداری لەم نمایشە گاڵتەجاریەی (ی.ن.ك)دا دەکاتو لەم تاوانەدا لەدژی کۆمۆنیزمو ڕادیکالیزمی کۆمەڵگا بەشداری دەکات.

فەرید ئەسەسەرد لە ژمارە "٢٢٠٨"ی کوردستانی نوێی ڕۆژی ٤شەممە ٢٠٠٠/٧/٢٦ لە گۆشەی "ئاماژە"داو لەژێر ناوی "بەهۆشهاتنەوە"دا مۆری تەئیید لەو تاوانەی حیزبەکەی دەداتو دەڵێ "حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی حزبێکە لە پەراوێزی کۆمەڵدایەو سەنگێکی ئەوتۆی نیەو پێناچی هیچ سەنگێکی ئەوتۆش پەیدا بکات... حیزبی کۆمۆنیست باوەڕی بە مۆدێلێکی سیاسیە کە تەنیا بەزەبرو زەنگ دێتەدی".

ئەمە چ ورێنەیەکە؟! ئەگەر حزبی کۆمۆنیست لە پەراوێزی کۆمەڵدایە بۆچی حیزبەکەی ئێوە لە چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان جار شەڕی بەم حزبە فرۆشتووەو لە کاروچالاکیەکانی هەراسان بووە؟ ئەگەر لە پەراوێزی کۆمەڵگادایە بۆچی بەدەست ناڕەزایەتی قووڵو فراوانی نێو ڕیزەکانی خۆشتانەوە گیرتان خواردووەو تەنانەت ئەوەندە شەهامەتتان نیە کە ڕوداوەکە وەك خۆشی بگێرنەوە بۆیان؟! باشە ئەو زیاتر لە حەوسەد چەکدارەی کە حەرەس جمهورییەکانی جلال تاڵەبانی لە پێشیانەوە بوون بۆچی لە دەوری مقری کۆمیتەی ڕابەری کۆکردبۆوە؟ ئەم دەهۆڵەی ئێوە دەی کوتن دڕاوە، ئێوە بە زەبری چەكو لە دەستدا بوونی نانو پارووی دەمی خەڵك درێژە بە عومری ڕەشتان لە دەسەڵاتدا دەدەن. ئێوە چ لە شاخو چ لە ناو شارەکاندا بەزەبری چەك شەوو ڕۆژی دەسەڵاتتان دەکەنەوە. فەرید ئەسەسەرد دەڵێ "حزبی کۆمۆنیست هەمیشە خۆی بە نوێنەری حەقیقەتی ڕەها زانیوەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە قبوڵ ناکاتو تەنیا خۆی پێ شۆڕشگێڕەو ئایدیۆلۆژیاو بەرژەوەندی لیك جیاناکاتەوە".

جەناب!

ئەوەی کە لە نێوان حیزبی ئێمەو حزبەکەی جەنابتدا ڕوویدا بەقسەی شەخسی نەوشیروان کە ڕووقایمانە بەوەفدی ڕابەریی ئێمەی ووت "کاکە مەسەلەکە داوای جمهوری ئیسلامی ئێرانو ڕژێمی عێراقەو ئێمە لە ژێر زەختی ئەوانداین" کەوایە مەسەلەکە جیاوازی فکریو ئایدیۆلۆژی ئێمەو جەنابتان نەبوو. ئێوەو ئاغاکانتان لەلای ڕژێمو لەلای جمهوری ئیسلامی ناڕەحەتی چالاکی سیاسیو جیگاو ڕێگای سیاسی ئێمەن، نەك جیاوازی فکری.

ئێوە چەند مانگ لەمەوبەر دادگاتان لە ئێمە گرتو ویستتان هەڵسووڕانی عەلەنی ئێمە قەدەغە بکەن، نەك لە سەر ئەوەی ئایدیۆلۆژی ئێمە لەگەڵ ئێوە جیاوازەو شەڕی ئایدیۆلۆژی لە گەڵ ئێوە دەکەین، بەڵکو هیچ شەرمتان نەکردو ئەوەتان خستە سەر کاغەز کە بەو هۆیەوە ئەم حزبە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکاتو ئەمەش دژی دەستووری عێراقیەو یەکپارچەیی خاکی عیراق دەخاتە مەترسییەوە، ئەم حزبە داوای یەکسانی ژنانو پیاوان دەکاتو داوای هەڵوەشانەوەی قانوونی ئەحوالی شەخصی ڕژێم دەکاتو... هەڵسووڕانی قەدەغە بکرێت. ئەگەر تۆ خۆت گێل ناکەیت، هەر بەپێی ئەو قانوونانەی ڕژێم کە دەتان ویست ئێمەی پێ دادگایی بکەن، سەدان ئینسانی لەنێو خۆتاندا لەسێدارە دران.

ئەوەی کە ئێمە خۆمان بە نوێنەری حەقیقەت زانیووەو تەنیا خۆمان پێ شۆڕشگێڕەو پێکەوە ژیانی ئاشتیانە تەحەمول ناکەینو... لە پێشدا دەبێ پرسیارێك بکرێت: مەبەستت لە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە چییە! ئەوەندەی ئێوە بەکارو کردەوەی دزێوتان تائێستا نیشانتان داوە مەبەستتان لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە هەر ئەوەیە کە هەر کەسو حیزبو لایەنێك لەپێشدا کوێخایەتی ئێوە قبووڵ بکات، قسە لە قسەتاندا نەکات، ئێوە لەسەرووی خۆیەوە دانێ، لەکردنەوەی بارەگای ئیتلاعات لەسەنتەری شاردا لەلایەن ئێوەوە ڕەخنە نەگرێ، لە مفاوەزاتی ژێربەژێرتان لەگەڵ ڕژێمدا، کە هەفتەیەك پێش ئەم کێشەیە وەفدی باڵای موخابەراتی عێراقی لە سلێمانی لەسەر خوانی ئێوە دەعوەت بوو، هیچ نەڵێ، لە دەستڕاکێشانی لەشکری جمهوری ئیسلامی بۆ سەر حیزبی دیموکراتی ئێران ناڕازی نەبێ، لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی ناڕازی خەڵك هاوار نەکات، لە بێکار کردنی کرێکاران نەیەتە جواب، دارکاری کردنو بەتاڵان بردنی سندوقی دەستفرۆشان لەلایەن دەزگاکانتانەوە مەحکوم نەکات، بەهەرحاڵ لە کەسافەتکاریی سیاسەتەکانتان لەدژی ئازادیو یەکسانی دەنگ هەڵنەهێنێ. ئەگەریش ڕەخنەیەکی هەبووو بێت لە تەشریفاتی دەعوەتکاری بارەگاکانتاندا بیکاتو کەس نەزانێ.

ئەمە ئیتر یەعنی پێکەوە ژیانی ئاشتییانە!! ئەمە بەئێمە نەکراوەو ناکرێ. ئێوە بزانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕاستای وێران کردنی کوردستانو تێکدانی ئارامیی خەڵکدا چی ماوە بیکەن. چ حیزبێك هەیە ئێوە شەڕتان لەگەڵ نەکردبێو لێتان نەکوشتبێ؟! ئێوە خۆتان کۆسپن لەسەر ڕێگای ژیانی ئاشتیو ئارامیو دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنو ئینسانیدا کە تیایدا قانوون مەعنای هەبێ؟

ئێوە لەبەر ووتنی ئەم حەقیقەتانە شەڕتان بەئێمە فرۆشت. ئێوە لە وتنی ئەم حەقیقەتانەی ئێمە ناڕازینو بەم حەقیقەت وتنانەی ئێمە دەڵێن زماندرێژی، توندڕەوی. تەماشاکە بزانە لەئاست ئەم تاوانە گەورەیەی ئێوەدا چ حیزبێك لە کوردستاندا هاتە جوابو ئەم کردەوەیەی ئێوەی مەحکوم کرد. شێرکۆ بێکەس هەڵوێستێکی مەسئولانەو ئینسانیی نیشاندا، ئاسایشتان لەبەردەم بنکەکەیدا بۆ چاودێری دیاری کردووە. پێشمەرگەیەکی دێرینی خۆتان ئەم بەرپرسیارێتەی ئێوەی پێ تەحەمول نەکراو بەیانێکی نووسی، لە زیندان توندتان کرد! ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ئێمە نوێنەری حەقیقەتین؟! ئایا حەقمان نییە خۆمان پێ شۆڕشگێڕ بێت؟! پاشان ئایا ئەگەر کەسێك بەهەر دەلیلێك خۆی پێ شۆڕشگێڕ بێت، ئاوا هێرشی چەکداری دەکەنە سەریو دەیکوژن؟! ئەگەر کەسێك یان حیزبێك خۆی بەنوێنەری حەقیقەت بزانێ (کە ئەمە مافی هەر کەسو لایەنێکە) دەیکوژن؟! ئەمە قانوونی جەنگەڵە کە ئێوە هەتانە!

ئەم ورێنانە فایدەی نییە، خەڵکی ئازادیخوازو ئینسانە عاقڵەکانی نێو ڕیزەکانی یەکێتیش ئەوە دەزانن کە ئەوەی دەرهەق بە ئێمە کرا، شەڕە لەگەڵ ئازادی، لەسەر یەکسانی، لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی ئینسانی، شەڕە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان، لەسەر بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕژێمی بەعسو جمهوری ئیسلامی، هەربۆیە بەتووندی ناڕەحەتن. ئێوە دەتان زانی کە هەموو ئەو خەڵکە بەدەیان هەزار کەس دەڕژانە سەر جادەکانو دوای مەراسیمی بەخاك سپاردنی هاوڕێیانی ئێمە دەکەوتن. بۆیە هەڕەشەی دووبارە بوونەوەی ڕووداوی ١٣حوزەیرانتان کردو لەترسی ئەم نمایشە جەماوەریە، زۆر ترسنۆکانە لاشەی هاوڕێیانی ئێمەتان لە ئێمەو کەسوکاریان شاردەوە، ئێوە بەعستان شەرمەزار کرد. ئێوە ڕەوتی ملشکاندنی خۆتان دەست پێکردووە. ئێوە دەڕۆنو ئێمە دەمێنینەوە. ئێوە ڕەوتی ملشکاندنی خۆتان دەست پێکردووە. ئێوە دەڕۆنو ئێمە دەمێنینەوە.

---

### ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری سەبارەت بە

## پەرەسەندنی نارەزایەتی لە ناو ریزەکانی یەکێتیدا

### نەوشیروان مستەفا تاوانبارەو دەبێ دەست لە کار بکێشێتەوە!

**هێرشە درندانەکانی یەکیتی نیشتمانی بەسەرپەرشتی نەوشیروان مستەفا بۆ سەر حزبی ئیمەو بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانو سەنتەری بەرگری لە مافەکانی مندالان، هەروەها بەکریگیراویو خۆفرۆشی یەکیتی بۆ جمهوری کۆنە پەرستی ئیسلامی، هەر چۆن لە ئاستی کۆمەلگاو رای گشتی دەرەوەو ناوەوە کەوتوەتە بەر نەفرەتو بیزای فراوانو بە توندی ریسواو مەحکوم کراوە، بە هەمان شیوە لەلایەن بەشیکی زۆر لە ریزەکانی خودی یەکیتییەوە نەفرەت لەم تاوانکاریو خۆفرۆشیو بەکریگیراوییە کراوە، لە هەمانکاتدا خواستی ئەوە بەرزکاوەتەوە کە نەوشیروان مستەفا وەکو تاوانباری ئەصلی ئەم جەریمەیە بخریتە بەردەم لی پرسینەوەو لە یەکیتی نیشتمانی استقالە بدات.**

**رۆژی پینج شممە ٢٦-٧-٢٠٠٠ لە مەلبەندی دووی یەکیتی نیشتمانی لە شاری دەربندیخان، کیشمەکیشیکی توند لە نیوان کادرانی مەلبەند لەسەر ئەم مەسەلەیە روویداوە. ژمارەیەك لە کادرەکان بە توندی لە دژی هیرشەکانی یەکیتیو ئەو تاوانە چەپەلەو بەکریگیراوی←**

---

# قەڵەمی بەکرێگیراو!

**لەکاتی ڕژێمی بەعسدا ئەو نووسەرانەی کە تاوانەکانی ڕژێمی بەعسیان دەرهەق بە خەڵکی کوردستان پەردەپۆش دەکردو بەباڵای ڕژێمدا هەڵیان دەداو ئاویان دەکرد بەدەستی سووری جەللادو ئینسان کوژەکانی دەزگاکانی ئەمنو ئیستخباراتو موخابەراتدا، بەحەق بێیان دەوترا قەڵەمی نۆکەرو بەکرێگیراو.**

**ئێستاش هەندێ قەڵەمی بەکرێگیراوی وەك فەرید ئەسەسەرد، ستران عەبدوڵڵا، لاوەند نەوزاد، کەژاڵ ئەحمەدو جەماعەتی "ڕۆژنامەنووس"، ئاو دەکەن بەدەستی سووری ئەو ئینسان کوژانەی کە بەڕۆژی ڕوناكو لەسەر شەقامەکانی شاری سلێمانیو بەبەرچاوی خەڵکەوە خوێنی پۆلێك تێکۆشەرو خەباتگێڕی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقیان لە پیلانێکی هاوبەشی سەرکردایەتی یەکێتیو دەزگای ئیتلاعاتو سوپای پاسدارانی ئێراندا ڕشتو ڕووی ڕژێمی تاوانباری بەعسیان سپی کرد. ئەم قەڵەمە بەکرێگیراوانە بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی درۆو بە ڕشانەوە لەدژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق کارە دڕندانەو پڕلە شەرمەزاریەکەی ئینسان کوژەکانی ئاسایش بە وشەو قەڵەم تەواو دەکەن. ڕێك وەکو کاسە لێسەکانی بەعس چۆن دوای لەسێدارەدانی تێکۆشەرانو نارازیەکانی ڕژێمە تاوانبارەکەی بەعس هەڵهەڵەیان دەکێشا، چەپڵە بۆ ئەم تاوانکاریەی دەزگا سەرکوتگەرەکانی یەکێتیو ئاسایش لێدەدەن ئەم قەڵەمە بەکرێگیراوانە لای جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو کۆمۆنیستەکان پەڵەیەکی ڕەش بەناوچەوانیانەوە نراوەو چارەنوسیشیان لەوانەی نۆکەرایەتی بەعسیان کرد باشتر نابێ**

---

**→ یەکتی قسە دەکەنو نارەزایەتی خۆیان دەردەبرن. هەروەها داوای ئەوە دەکەن کە دەبێ بریارەکانی یەکیتی هەلوەشیتەوەو بنکەو بارەگاکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریو ریکخراوە جەماوەرییەکان دابنرینەوەو دەست بەکاری خۆیان بکەن. ئەو راستییە راگەیەنراوە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری حزبیکی دلسۆزو ئازادیخوازو پیشکەوتنخوازە بۆیە یەکیتی لەسەر داوای جمهوری ئیسلامی هیرشی کردوەتە سەری. سەرئەنجام داوای ئەوەیان کردوە کە نەوشیروان مستەفا کە تاوانباری ئەصلی ئەم رووداوەیە دەبێ لە یەکیتی استقالە بداتو بخریتەبەردەم لی پرسینەوە.**

**هەمان رۆژ لە مەلبەندی یەکی یەکیتی نیشتمانی لە شاری سلیمانی ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرەکانی یەکیتی تورەییو نارەزایەتی توندی خۆیان بەرامبەر بەم مەسەلەیە دەربریوەو بەیانیان کردوە کە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری لەسەر حەقە. ئەوانیش هەمان خواستەکانی کادرانی مەلبەندی دوویان دووپات کردوەتەوەو ژمارەیەکیان هەر لەوێ وازهینانی خۆیان لە یەکیتی راگەیاندوە. ئەمەو لە ناوریزەکانی یەکتی لە جیگاکانی دیکەش نارەزایەتیەکی فراوان بەریکەوتوە.**

**بەلام یەکیتیو باندەکەی نەوشیروانو تالبانی بەرامبەر مخالفینی خۆیان لە دەرەوەی یەکیتی چ رەفتارو ملهوریەکیان نواندوە، لە ناو خودی یەکیتیو لەگەل کەسانیك کە سالەهایە کاریان لەگەل دەکەن، هەر هەمان رەفتاری ملهورانە بەریوە دەبەن. لەبەرامبەر ئەم نارەزایەتییەی کادرەکاندا لە شاری دەربندیخان ٦ کەس لەو کادرانە دەستگیر دەکەنو بۆ چاوترسین کردن ماوەی چەند سەعاتیك رایاندەگرنو دواتر لە ترسی تەشەنە سەندنی وەزعەکە ناچاردەبن ئازادیان بکەن. لە مەلبەندی یەکی سلیمانیش ویستویانە ئەو کادرە نارازیانە دەستگیر بکەن، بەلام ئەوان خۆیان بە دەستەوە نەداوەو هەلهاتوون. بە پێی هەوال بەشیك لەو کادرانەی کە لەسەر دەربرینی نارەزایەتی بەرامبەر تاوانەکەی یەکیتی کەوتونەتە بەر هەرەشە، ناچار بوون کە ناوچەی دەسەلاتی یەکیتی بەجێبهیلنو گەیشتونەتە شاری هەولیر.**

**ژمارەیەکی تر لە کادرانی یەکیتی لە ناوەو لە دەرەوەی وولات بە دانی بەیاننامەو نوسینی نامەی نارەزایەتی بۆ سەرکردایەتی یەکیتیو وازهینان لەم حزبە، نەفرەتی خۆیان لەم سیاسەتەو لە تاوانکارییەکانی حزبەکەیان دەربریوەو رایانگەیاندوە کە ئەمانە بۆ ئەندامانی یەکیتی مایەی شەرمەزارییەو ئەوان بەم جۆرە گەردنی خۆیان لە تاوانەکانی یەکیتی ئازاد کردوە. لەوانە کە تائیستا بە دەستی ئیمە گەیشتوە، نامەیەکی سێ ئەندامی یەکتی بو مەکتەبی سیاسی یەکیتی بە ئیمزای( بابەکر درەیی، سابیر کۆکەی، فەریدون کۆنجرینی )، بەیاننامەیەك بە ناوی( ئازادی بیروڕا لەبەردەم هەرەشەی فەنابووندایە بە ئیمزای-شازین هیرش/ نوسەرو شاعیرو پیشمەرگە دیرینو پارتیزان )، نامەی نارەزایەتی ( شیرکۆ بێکەس )ی شاعیر بۆ "وەزیری ناوخۆی حکومەت"ەکەی یەکیتی، پەیامی نارەزایەتیو وازهینان لە یەکتی بە ئیمزای( عدنان گلی- کادری دەزگای راگەیاندنی یەکیتی کە لە ١٩٧٥ەوە ئەندامی یەکیتییە، نامەی نارەزایەتی بۆ مەکتەبی سیاسیو جلال تالبانیو کۆسرەت رسول بە ئیمزای( عەسریە حامد علی، کاروان حامد علی، ئەوین حامد علی-کە خاوەنی ٨ شەهیدی یەکیتین بە بنەمالە، نەوزاد حمە صالح عسکری-خاوەنی ٧ شەهیدی یەکیتی بە بنەمالە، نەوا عسمان سابیر، کوردستان عسمان سابیر، شاخەوان عسمان سابیر، خەبات عسمان سابیر ).**

**یەکتی وەلامی ئەم نارەزایەتیانەش بە سەرکوتو راونان دەداتەوەو دەیەوێ لەم ریگایەوە دەنگی نارەزایەتی ریزەکانی خۆیشی بخنکینێو هەروا دریژە بە تاوانو سەرکوتو بەکریگیراوی بدات. رۆژی ٢١-٧-٢٠٠٠ بەکریگیراوانی یەکیتی لە ناو گازینۆی شەعب لە شاری سلیمانی هەلدەکوتنە سەر شاعیری خاوەن هەلویست ( شازین هیرش )و پەلکیشی دەکەن بۆ زیندان.**

**ئەم نارەزایەتییە لە ناو ریزەکانی یەکیتیدا رووی لە زیاد بوونە، کاردانەوەی سەرکوتگەرانەی یەکیتیش لە بەرامبەریدا تا بیت زیاتر خۆیان ریسوا دەکات. ئیمە لە کاتیکدا کە تقدیری هەلویستی ئەم بەریزانە دەکەین کە دژی تاوانکاری یەکتی راوەستاونو دیفاعیان لە ئازادی سیاسیو حورمەتی ئینسان کردوە، لە هەمانکاتدا دیسانەوە بانگەوازی ریزەکانی یەکیتی دەکەین کە هەرکەسیك خۆی بە ئازادیخوازو شەرافەتمەند دەزانێو بەلیکدانەوەی خۆی بۆ ئەم مەبەستە چوەتە ریزی یەکیتییەوە یان بەهەر هۆیەکەوە بیت تا ئیستا لە ریزی یەکیتی ماوەتەوە، هەلویست دەبرێو ئەم تاوانە مەحکوم بکاتو داوای هەلوەشانەوەی بریارە کۆنە پەرستانەکانی یەکتیو سزادانی نەوشیروان مستەفاو تاوانبارانی دیکەی ئەم جەریمەیە بکاتو ریزەکانی یەکتی بە جێبهیلی. بەم جۆرە خۆی لە میژووی رەشو پر لە تاوانی ئەم ئینسان کوژو بەکریگیراوانە جیابکاتەوە.**

**کۆمیتەی دەرەوەی وولاتی**

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق/٢٠٠٠-٠٧-٣٠**

## پاشماوەی.. وەڵامێك بە ڕوونكردنەوە..

بەوەفدەكەی ئێمەی وتبوو ئێوە ئەخێر حیزب بڕۆنە دەرەوەی شار. بەڵام ڕوونكردنەوەكەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش بەناڕاست دەڵێ چەند جار بەخۆشی پێمان وتن بەڵام گوێیان پێ نەدا

ئەوكاتەی كە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی مێزگردێكی تەلەفزیۆنی سەبارەت بە تەقینەوەكەی ٦/١٧ سازكردو لەوێدا هێرشی كردە سەر حیزبی ئێمە، بەڕۆشنی ئەوە دەركەوت كە یەكێتی نیازی شەڕفرۆشتنە بە حیزبی ئێمە. ئێمە لە ڕوانگەی هەست بە مەسئولییەت كردنەوەو بۆ پێشگرتن بە پشێوی‌و نائارامی چ بەناردنی كەس‌و چ لەڕێگای ناردنی نامەوە پەیوەندیمان بە یەكێتی‌یەوە گرت‌و ئامادەیی خۆمان بۆ چارەسەری سیاسیانەی كێشەكە ڕاگەیاندو هەر لەم پەیوەندەدا نامەیەكی جێگری سكرتێری كۆمیتەی ناوەندی بەرلە هەفتەیەك لە پەلامارەكەی یەكێتی ئاراستەی مەكتەبی سیاسی یەكێتی كرا (كە لەخوارەوە بڵاومان كردۆتەوە)، بەڵام یەكێتی لەبەرئەوەی بڕیاری شەڕی لەدژی حیزب دابوو وەڵامی هیچ كام لەوانەی نەدایەوە. تەنانەت لەكاتی گفتوگۆی نێوان وەفدی ڕابەرایەتی حیزب‌و یەكێتی نیشتمانیدا بە مەسئولیەتی نەوشیروان مستەفا چەند دەقیقە بەر لە شەڕەكە، وەفدی ئێمە بە نەوشیروانیان وتبوو كە بۆچی وەڵامی ئەو هاتنە پێشەوانەی ئێمەتان نەدایەوە، ئەویش لە وەڵامدا وتبووی من ئاگاداری هیچ نیم ئەمە لە كاتێكدا كە خودی نەوشیروان مستەفا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەم كارەی دەكرد.

٥-"ی.ن.ك" هەر لەیەكەم ڕۆژی دەركردنی ئەم بڕیارەوە كەوتە چنینی پیلان لەدژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق. لەسەرەتای مانگی تەممووزەوە ئاوی خواردنەوەیان لەبارەگای كۆمیتەی ڕابەری بڕی. دواتر خەتی تەلەفۆنی كۆمیتەی ڕابەریی‌و خەتی تەلەفۆنی شەخسیی ناسك ئەحمەدو خەتی تەلەفۆنی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان بڕی. ئێمە بەرامبەر بەم دەستدرێژیانەی "ی.ن.ك" ڕێگای خەباتی سیاسی-جەماوەریمان گرتە پێش. دواتر ئەوان درێژەیان بەكاری ئیستفزازی خۆیان داو هاتن كارەبای كۆمیتەی ڕابەری ببڕن، كەڕێگەیان پێ نەدراو چوون لە محولەوە كارەبای چەند ماڵێشیان لەگەڵ ئێمەدا بڕی. هەمان ڕۆژ كارەبای كۆمیتەی سلێمانی‌و بارەگای ڕادیۆیان بڕی. ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٣یش تەقەیان لەخۆپیشاندانی هێمنانەی هاوڕێیان‌و دۆستانی حیزب كردو ژمارەیەكیشیان دەستگیركرد. ئەم سەركوتگەرییەی ئاسایشی یەكێتی بەبەرچاوی چەند هەزار كەسەوە ئەنجام درا كە لەوناوەدا لەنزیك خۆپیشاندەرانەوە چاودێری ئەوزاعەكەیان دەكرد.

٦-دوا نیوەڕۆی ٧/١٣ هێزێكی گەورەی چەكدارو ئاسایش سەرەتا لەدەوروبەری كۆمیتەی سلێمانی‌و دواتریش كۆمیتەی ڕابەری دامەزران، تائێوارەی ٧/١٤ سەدان چەكدار لەسەر جادەو كۆڵانەكان‌و سەربانی ماڵەكانی دەوروبەری كۆمیتەی ڕابەری‌و كۆمیتەی سلێمانی بڵاوبوونەوە. هەركەسێك گومانیان لێ بكردایە یان سەردانی بارەگای ئێمەی بكردایە دەستگیریان دەكردن‌و تەنانەت ژنێكی حەفتا ساڵییان دەستگیركرد كە بۆ سەردان هاتبوو. هەروەها نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ پەلاماری دوو هاوڕێی ئێمە ئەدەن كە لە كۆمیتەی ڕابەرییەوە چووبوون بۆ شت كڕین، بەڵام ئەوان تەسلیم نابن‌و هێزەكانی ئاسایشیش تەقەیان لێ‌ئەكەن سەرەنجام پاش نیو سەعات دەستگیریان دەكەن، كە یەكێكیان بە برینداری دەكەوێتە دەستیان‌و زۆر درندانە لێی دەدەن‌و دەستی ئەشكێنن. ئەم تاوانە بەبەرچاوی سەدان كەس لەخەڵكی شارەوە ئەنجام دراوە كە لە جورئەتی هاوڕێیانی ئێمە سەرسام بووبوون.

٧- ئاسایش دەڵێ بەسەیارە هاتوچۆیان دەكردو ئیستفزازی ئاسایشیان كردووە و گوایە ئێمە لە پێشەوە تەقەمان كردووە، بەڵام ئەمە درۆیەكی ئاشكرایە چونكە ئەوان هاتوونەتە بەر دەرگای ئێمە نەك ئێمە چووینەتە بەر دەرگای ئەوان. ئەو سەیارەیەش باسی دەكەن سەیارەی سەنتەری پارێزگاری ژنانەو هیچ پەیوەندییەكی بەكاروباری ئێمەوە نەبووە، ئەوان كەمینیان بۆدانـاوە و تەقەیان لێكردوە و تەنانەت زۆر درندانە شۆفێری سەیارەكە كە بێ‌چەك دەبێت بەدیلی دەكوژن!

هاوكاتیش هێزەكانی تریان دەست دەكەن بەتەقەكردن لە بارەگای كۆمیتەی ڕابەری و ماڵی ناسك احمد بەچەكی جۆراوجۆری بی كەی سی و قەناس و چەكی بچووك وە یەكیك لە هاوڕێیانی پاریزگاری بارەگای كۆمیتەی رابەری بەر فیشەكی قەناس دەكەوێ و گیان لەدەست دەدات. هەموو ئەمانە بەبەر چاوی سەدان كەس لە خەڵكی شارەو تەنانەت ئەحزابەوە ئەنجام دراون. یەكێتی هێزی چەكدار دەنێرێتە سەر بارەگاو ڕێگاكانی ئێمە و تەقە لە ئێمە دەكات بەڵام مافی دیفاع لەخۆ كردن بەئێمە نادات! ئەگەر ئەوان بۆ شەر نەهاتبوون ئەی بۆچی هاتبوونە دەوروبەری بارەگاكانمان و سەربان و كۆڵانەكانی‌ئەو ناوە و ئەنواع چەكیان تێداجێگیر كردبووە؟ مافی خەڵك نی‌یە بپرسێ ئەو هەموو هێزەتان بۆچی لەو دەورو بەرە كۆكردبووەوە؟هەموو كەس مافی ئەوەی هەیە بپرسێ كە كام حیزبی تر بارەگایان بردە دەرەوە؟ ئایا هەموو حیزبەكان چوونە دەرەوەی شارو تەنها حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری مابوو كەنەڕۆیشت بۆیە ئێوە ناچار بوون هێز بەكار بینن لەدژی ؟ئایا داواتان لەچەند لایەن و شەخسیەت و خەڵك كرد تا لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری قسە بكەن و ئامادەیی‌تان نیشان دا

ۆ چارەسەركردنی مەسەلەكە بەهێمنی و بەڕێگای سیاسی بەڵام حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری قبوڵی نەكرد؟ ئەگەر وایە ناوی هەندێ كەس و لایەن ئاشكرا بكەن.

٨- وەفدی ڕەسمی ئێمە بەنیوسەعات بەرلە دەستپێكردنی شەڕەكە جوابیان نارد بۆ یەكێتی‌و شەخسی نەوشیروان مستەفا كە ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی كارەكەی دەكردو ماڵەكەی لە تەنیشت بارەگای كۆمیتەی ڕابەری بوو، تا بارگرژی‌یەكە هێمن بكەنەوەو كێشەكە چارەسەر بكەن، بەڵام چەند دەقیقە بەر لەدەستپێكردنی تەقەكە جوابیان بۆ گێراینەوە كە بابێن‌و پێكەوە دابنیشین ــ لەو كۆبوونەوەیەدا وەفدی ئێمە لەسەر ئەوە لەگەڵ نەوشیروان مستەفاو وەفدی یەكێتی‌و ئاسایش ڕێككەوتن كە بارەگای كۆمیتەی ڕابەری‌و كۆمیتەی سلێمانی بەرنە نزیك بارەگای ڕادیۆو یەكێتی‌یش ئامادەی هاوكاریی عەمەلی‌یە، بەڵام لەناو كۆبوونەوەكەدا دەنگی تەقە بەرز بۆوەو كاتێك هاوڕێیانی ئێمە لەوە ئاگاداربوونەوە كە كەسێك لەبارەگای كۆمیتەی ڕابەری گیانی لەدەست داوە بە نەوشیروان مستەفایان وتبوو بۆ ئەم كارەتان، لەوەڵامدا وتبووی شەڕە ئەوانەشی تیا ئەبێ! لەمەوە دەرئەكەوێ كە یەكێتی بڕیاری شەڕی دابوو دژی حیزب‌و خۆشیان كات‌و ساتەكەیان دیاری كردبوو. سەرباری ئەمە كێ بەوە باوەڕ ئەكات كە حیزبی ئێمە بڕیاری شەڕی داوەو هاوڕێیانی ئێمە تەقەیان كردووە لەكاتێكدا لەسەر داوای خۆمان وەفدمان لای نەوشیروان مستەفا بوو بۆ چارەسەری كێشەكە بەشێوەی هێمنانە وسیاسی!؟

٩-ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/١٥ هێزێكی ئاسایش دەچنە سەر بنكەی سەنتەری بەرگری لەمافەكانی ماڵان‌و تاڵانی دەكەن‌و منداڵەكانی ناوی دەردەكەن‌و بنكەكەش داگیر دەكەن. ئایا سەنتەری منالان بارەگای چەكدارییە!؟ جێگایەك كە چەند منالی بێ‌سەرپەرشتی لەخۆ گرتبوو، كە حكومەتەكەی یەكێتی ئامادە نەبوو هیچ جۆرە مەسئولیەتێكیان لەبەرانبەردا نیشان بدا، سەنتەرێك كە تائێستا لە دەیان مەسەلەی پەیوەند بە كێشەو مافەكانی منالانەوە دەورو نەخشی هەبووەو تاوانەكانی دژ بەمنالانی ڕسوا كردووە، بۆچی "ی.ن.ك" بەهێزی چەكدار داگیری دەكات!؟ئایا ئەمە تەنها لەبەرئەوە نی‌یە كە ئەم سەنتەرە یەكێك بوو لە پرۆژە سیاسی‌و ئینسانی‌یەكانی حیزبی‌كۆمۆنستی كرێكاری عێراق وهەڵسوراوەكانی كادرو ئەندامی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقن، دەنا ئەم سەنتەرە یەك چەكداری تێدا نەبووە و كاتێك چوونە سەری چوار منالی تێدابووە لەنێوان تەمەنی ٧-١٦ ساڵ كە لەلایەن سەنتەرەوە چاودێرییان دەكرا.

١٠- سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧/١٦ لەسەر داوای یەكێتی و بۆگفتوگۆ لەسەر چۆنیەتی گواستنەوەی بارەگاكانی حیزب بۆ لای بارەگای ڕادیۆی مەركەزی حیزب، بە پێی ڕێكەوتنی ئێوارەی ٧/١٤، وەفدێكی ڕابەری حیزبمان چوونە لای یەكێتی بەڵام دوای دەدەقیقە دەستبەسەریان دەكەن و لەژێر هەڕەشەی ئەوەی ڕابەریتان دەست بەسەرە حمایەكانیشیان چەك دەكەن و دەست بەسەریان دەكەن. هەر بەم شێوە مافیایی‌یە هەڵدەكوتنە سەر بارەگای كۆمیتەی ڕابەری و كۆمیتەی سلێمانی كەبە پێی ڕێكەوتنی نێوان هەردوولا خەریكی چۆڵكردنی بووین و چەند چەكدارێك تەنها بۆ پارێزگاری لە ممتلكاتەكانی ناوی هێڵرابوونەوە ،داگیریان دەكەن و نەفەرەكانیش دەستگیر دەكەن. هاوكاتیش هێزێكی زور لەدەوری بارەگای ڕادیۆ كۆدەكەنەوە بۆپەلاماردانی ،لەم بارودۆخەدا داوا لەوەفدی ئێمە دەكەن كە نابێ لەناوچەكانی ژێردەسەڵاتی یەكێتی‌دا ڕادیۆو بنكەو بارەگامان هەبێت. شایانی باسە زیاتر لە ٥٠ هاوڕێ و دۆستی حیزب زیندانی كرابوون كەتەنها چەند كەسێكیان چەكداربوون و بەو جۆرەش دەستگیركرابوون و باقی زیندانی‌یەكان لەكاتی خۆپیشاندانی ٧/١٣ و لەسەر جادەو كۆڵانەكان دەستگیر كرابوون بە پێچەوانەی درۆكانی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشەوە.

هەر لەو كاتانەدا ٤ هاوڕێی دیكەمان لەشاری ڕانیە لەسەر بڵاوكردنەوەی بەیاننامە لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیر دەكرێن.

١١-دوابەدوای ئەمانە ڕۆژی ٧/١٩ مەفرەزەیەكی ئاسایش دەچنە سەر بارەگای سەربەخۆی ئافرەتان بۆ داخستنی، بەڵام پاش پەیوەندی كردن بە وەزیری ناوخۆوە، ئەوێ بەجێ‌دەهێڵن. ڕۆژی ٧/٢١ دووبارە ئاسایش دەچنەوە سەر بنكەی ڕێكخراوی ناوبراوو داگیری دەكەن، هەروەها ئەو ژنانەی كە لەسەنتەری پارێزگاری ژنان داڵدە درابوون و چەكدارەكانی پارێزگاری سەنتەر لەگەڵ خۆیان دەبەن‌و دەست بەسەر كەلوپەلو وەسائیلەكانی ناو بیناكەدا دەگرن. داگیركردنی بنكەی ڕێكخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و سەنتەری پارێزگاری ژنان ئیتر بەتەواوی پڕوپوچیی ڕاگەیاندنەكان‌و ڕوونكردنەوەكانی یەكێتی‌و ئاسایشەكەی دەردەخات، تەنانەت بۆ ئەوانەشی كە تائێستا نەیانویستووە دان بەوەدا بنێن كە كێشەی یەكێتی نیشتمانی لەگەڵ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق هیچ پەیوەندی‌یەكی بە چوونەدەرەوەی بارەگاكانەوە نی‌یە، بەڵكو مەسەلەیەكی سیاسی‌یەو سیاسەتێكی كۆنە پەرستانەی یەكێتی‌یە دژ بە ڕادیكالیزم‌و ئازادیخوازی كە لەسەر داوای ڕژێمی دژی بەشەری ئیسلامیی ئێران پێی‌هەستاوە.

ئەمانە ڕاستی ڕووداوەكانن، ڕێك بە پێچەوانەی ئەو درۆ نامەیەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی كە لە كوردستانی نوێی ڕۆژی ٧/٢٠دا بڵاوی كردۆتەوە. هەموو ئەو ڕاستی‌یانەی باسمان كردن بەبەرچاوی سەدان‌و هەزاران‌و كەس لە خەڵكی شاری سلێمانی‌روویان داوەو زۆرلایەن‌و حیزبی سیاسی‌ش لەمە ئاگادارن. چەواشەكاری‌یەكانی "ی.ن.ك"و ئاسایشەكەی ناتوانێ ئەو ڕاستی‌یانە لەویژدانی ئینسانیی ئەو خەڵكەدا بسڕێتەوە كە بەچاوی خۆیان دیویانە، خۆشیان لە هەر فرسەتێك بۆیان هەڵكەوێ شایەتی لەسەر دەدەن و ڕاست‌ودروستیی لێكدانەوەكەی ئێمەش سەبارەت بەم سیاسەتەی یەكێتی بۆ هەمووان زیاتر ئاشكرا دەبێت.

سكرتاریەتی كۆمیتەی ڕابەریی
ڕێكخراوی كوردستانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق
٢٠٠٠/٧/٢١

حەند هەواڵێك

## چەند هەواڵێك

*لە پیوەند بە هێرشی ملهورانەی یەكێتی نیشتمانی بۆسەر حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق‌و ڕێكخراوە جەماوەرییەكان‌و ئازادی هەڵسورانی سیاسی هاوڕێیانی حیزبمان سەردانی ئەم كەسایەتی‌و لایەنانەی خوارەوەیان كرد:

١- پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٠٠٠/٧/٣٠ هاوڕێیان جمال محسن‌و دارا محمد ئەندامانی كۆمیتەی ڕابەریی ڕێكخراوی كوردستانی حیزب سەردانی بەڕێز ئەحمەد محمد ئابلاخی- نووسەرو ڕۆشنبیری پێشكەوتنخوازیان كرد.

٢- دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ٢٠٠٠/٧/٣٠ هاروێیان جمال محسن‌و فاروق صالح-كادری حیزب سەردانی بارەگای یەكێتی لاوانی دیموكراتی لە كوردستانی عێراقیان كردو لەلایەن بەڕێزان عوسمان سعید-بەرپرسی لقی سلێمانی ڕێكخراوەكەو شۆڕش محمد ئەندامی مەكتەبی سكرتاریەتەوە پێشوازی‌یان لێ‌كرا.

٣-ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/١ هاوڕێیان جمال محسن‌و ئازاد ئەحمەد ئەندامانی كۆمیتەی ڕابەری سەردانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هیوایان كردو چاویان كەوت بە بەڕێزان ئاری بابان‌و شوان محمد.

٤- پاشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ هاوڕێیان جمال محسن‌و ئازاد ئەحمەد سەردانی بارەگای بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستانیان كردو لەگەڵ بەڕێزان شێركۆ میروەیس‌و مامۆستا كەمال ئەندامانی كۆمیتەی باڵای بزووتنەوە كۆبوونەوە.

٥-ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٣ هاوڕێیان جمال محسن‌و بەهنام محمد ئەندامانی كۆمیتەی ڕابەری سەردانی بارەگای سلێمانی لیژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی‌یان كردو چاویان كەوت بە بەڕێزان ئیفا سفوبودا بەرپرسی لقی سلێمانی، فریدریك فورنیر سەرۆكی نێردراوی لیژنەو دلفین برمیجن.

٦-ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٠/٨/٣ هەمان وەفد سەردانی ڕێكخراوی مافی مرۆڤ لە كوردستانیان كردو لەلایەن بەڕێزان كاك صفوەت‌و جمال غەمبارەوە پێشوازی‌یان لێ‌كرا.

* لەدوای هێرشی درندانەی یەكێتی بۆ سەر حیزب‌و سەرباری هەوڵی دەزگا سەركوتگەرەكانی ئاسایش‌و زانیاری بۆ داسەپاندنی كەش‌و هەوای سەركوت‌و تۆقاندن، زیاتر لە (١٠) هەزار بەیاننامەی جیاجیای حیزب لە سلێمانی، ڕانیەو قەڵادزە، پیرەمەگرون، هەڵەبجەی تازەو... سەبارەت بە ملهوڕی‌و سیاسەتی سەركوتگەرانەو دژی ئازادی یەكێتی بڵاوكرایەوە.

## پاشماوەی.. ئێمە ئەمێنینەوە، ئێوە ئەڕۆن

زیاتر توندوتۆڵ ئەبێت. ئەمانە بۆ سەدەمین جار گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو ئەكەن.

كەمێك لەولاتری نووكی‌دەماغی جەنابی تاڵەبانی‌و هاوڕێبازەكانیەوە، خەڵكی كوردستانی ئێران خەریكن جمهوری ئیسلامی كە تاڵەبانی بۆ پێ‌ماچ كردنی ڕۆیشتووە، دەكێشنە ژێرو ئاڵای كۆمۆنیزم‌و ئازادیخوازی‌و حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی هەڵئەكەن. دەمەوێ بزانم كاتێك بەزوویی جمهوری ئیسلامی ڕۆیشت‌و خەڵكی هاتن، كاتێك شۆڕش لە كوردستانی ئێران، جارێكی تر كوردستانی عێراقی كردە مەیدانی گەرموگوڕترین بزووتنەوەی ئازادیخوازانە، كاتێك هاوپەیمانان‌و مشتەری‌یەكانی تاڵەبانی لە تاران تارومار بوون، كاتێك ئاڵا سوورەكان سەرتاپای كوردستانی گرتەوە، جەنابی تاڵەبانی‌و ئەو كەسانەی كە بەفەرمانی ئەو پەنجەیان خستەسەر پەلەپیتكەی تفەنگەكانیان لەدژی كۆمۆنیزم‌و ڕۆڵە پاكەكانی ئەم خەڵكە لەكوێ خۆیان حەشار ئەدەن‌و پەنا بۆ كێ ئەبەن.

كۆمۆنیزمی كرێكاری بزووتنەوەیەكی فراوانە. تەنها بینایەیەك نییە لە سلێمانی. نۆرەی ئێمەو خەڵكە. سەردەمی دەسەڵاتی تایەفەكان‌و دارودەستە چەكدارەكانی سەربە دەوڵەتە جیاجیاكان بەسەر چووە.

بڕیاردەرو جێبەجێكەرانی كوشتنی هاوڕێیانی ئێمە دەبێ دەسبەجێ بناسێنرێن‌و لەپێشچاوی خەڵك‌و لەلایەن دادگا خەڵكی‌یەكانەوە دادگایی بكرێن. یەكێتی نیشتمانی دەبێ لە سیاسەتی كۆنەپەرستانەی هەڕەشەو تەنگەبەری دروستكردن بۆ حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق دەست هەڵگرێت.

خەڵكی كوردستان،

لەدژی ئەم تاوانانەو جێبەجێكەرانی بێنە مەیدان. ئەم كۆنەپەرستانە لەجێگای خۆیان دابنێنەوە. پەشیمانیان بكەنەوە. بێنە ناو ڕیزەكانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریەوە.

*سڵاو لە یادی پاكی ئەو كۆمۆنیستانەی كە بۆ بەرگری لە بێبەشان‌و بۆ ئازادی‌و سۆسیالیزم لە شەقامەكانی سلێمانیدا خەڵتانی خوێن كران!*

*نەنگ‌و نەفرەت بۆ بڕیاردەران‌و جێبەجێكەرانی ئەم تاوانە چەپەڵە!*

*بژی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عیراق!*

**منصور حكمت- ئەندامی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**
**١٦ی جولای ٢٠٠٠**

# وەڵامێک بە ڕوونکردنەوە پڕلەدرۆکەی بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی

بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی، ڕوونکردنەوەیەکی بەبەرواری ٢٠٠٠/٧/١٩ لە "کوردستانی نوێ"دا بڵاوکردۆتەوە کە پڕە لەدرۆ هەڵبەستن‌و چەواشەکاری سەبارەت بە پەلاماری چەکدارانەی هێزەکانی یەکێتی‌و ئاسایش بۆ سەر بارەگاکانی حیزب‌و تەقەکردن لە هاوڕێیانی ئێمە. ئێمە بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات ئەم ڕوونکردنەوانەی لای خوارەوە دەخەینە ڕوو:–

١–"ی.ن.ک" لەزمانی ئاسایشەکەیەوە هاتووە وەلامی ئەو هەموو ناڕەزایەتی‌یانە ئەداتەوە کە لەناوەوەو دەرەوەی وڵات دژ بەم تاوانکاری‌یەی یەکێتی لەبەرامبەر حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا بەرز بۆتەوە، وە دەیەوێ لەڕێگای پێچەوانە نیشاندانی ڕاستی‌یەکان لانی کەم کەسانێك کە لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکان نەبوون واقعییەتی ڕووداوەکانیان لێ‌بشێوێنێ!

ئێمە هیچ کات دژی چوونەدەرەوەی بارەگای چەکدارو هێزی میلیشیا نەبوون‌و یەکەم حیزب کە لەساڵی ٩٥ بەدواوە ئەم شیعارەی بەرزکردۆتەوە بۆ کەمکردنەوەی کارەساتی شەڕی نێوان هەردوو حیزبی شەرکەری ناسیۆنالیستی کورد، حیزبی ئێمە بووە.

ئێمە موخالیفی چوونەدەرەوەی بارەگای سیاسی ئەحزاب بووین کە ڕوونکردنەوەی ئاسایش دەڵێ ئێمە مەبەستمان چوونەدەرەوەی بارەگای سیاسی نییە. بەڵام واقعیەت ئەوەیە کە مەبەستی یەکێتی‌و ئاسایشەکەی چوونەدەرەوەی هێزی چەکدار نی‌یە لەناو شاردا، دەنا بۆچی سەرەتا لەخۆیان‌و تاقمە ئیسلامی‌یەکانی هاوپەیمانیانەوە دەست پێ‌ناکەن کە لە هەموو گەڕەك‌و شوێنێکی ئەم شارەدا دەیان بارەگاو تەنانەت سەربازخانەیان هەیە، بۆچی گێچەڵیان لە دوو بارەگای سیاسی ئێمە داوە کە یەکێکیان بارەگای کۆمیتەی ڕابەریی ڕێکخراوی کوردستان‌و ئەوی دیکەش بارەگای کۆمیتەی سلێمانی‌یە؟ ئەی بۆچی دواتر ڕازی نەبوون بارەگای ڕادیۆش بمێنێ؟ ئەو هێزەی کە لەم سێ‌بارەگایەدا هەبووە تەنها ئەوەندە بووە کە بتوانێ پارێزگاری لەبارەگاکان‌و ڕابەرایەتی حیزب بکات‌و بەهیچ شێوەیەك ئێمە بەشدار نەبووین لە چەکدارکردنی سیمای شاردا.

٣– هەرلەو بەشەی بەیاننامەکەی ئێمەدا کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەنمونە هێناویەتی‌یەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئێمە موخالیفی نەمانی دیاردەی چەکداری نەبووین بەڵکو موخالیفی نەهێشتنی بارەگای‌سیاسی حیزبەکان بووین ئەمەشمان بە پێشێلکردنی ئازادی سیاسی داناوەوقبوڵمان نەبووە– ئەمەش ئەوبەشەی بەیاننامەکەی کۆمیتەی سلێمانی حیزبمانە: ( لە قسەو باسەکانی سەرۆکی شارەوانی‌دا ئەوە ڕۆشن نەبۆتەوە کە مەبەستی نەهێشتنی دیاردەی چەکداری‌یە لەناو شاردا یان داخستنی بارەگای حیزبەکانە کەئەمەیان بە ئاشکرا پێشێل کردنی ئازادی سیاسی‌یەو نەبۆ ئێمەو نەبۆ خەڵك جێگای قبوڵ‌و جی‌بەجی‌کردن نی‌یە )– کێ هەیە لەم قسەیەی نوێ"دا ئێمەوە ئەوە ئیستنتاج بکات کە ئێمە دژی دیاردەی چەکدارین؟!

لەڕاستیدا ئێمە داخستنی بارەگای سیاسی حیزبەکانمان قبووڵ نەکردو جەماوەریش بە هەمان شێوە، بۆیە لەهەموو جێگایەك دژ بەکردەوە سەرکوتگەری‌یەکانی یەکێتی ناڕەزایەتی‌یان نیشانداو لەژێرباری ئەم ناڕەزایەتیانەدایە کە یەکێتی ناچار بووە ئەم ڕوونکردنەوە پڕلەدرۆو چەواشەکاری‌یە بڵاوبکاتەوە.

٤–لە کۆبوونەوەی وەفدی ڕەسمی ئێمەو پەیوەندی‌یە نیشتمانیەکانی یەکێتی‌دا، وەفدی ئێمە پێی وتبوون کە خۆتان‌و ئیسلامی‌یەکان زۆرترین چەکدارو بارەگاو تەنانەت سەربازگەتان هەیە لەناو شاردا، بۆچی گەڕتان لە ئێمە ئاڵاندووە کە تەنها (٣) بارەگای سیاسیمان لەناو شاردا هەیە. ئەگەر بۆتان گرنگە دیاردەی چەکداری نەمێنێ یان تەنانەت بارەگاکان نەمێنێ، خۆتان سەرەتا بڕۆن تا ئێمەش بەدوای ئێوەدا بێین. لەوەڵامدا بەرپرسی پەیوەندی‌یەکانی یەکێتی

بۆ ل–٧

## ئەو نامەیەی بە چەك وەڵامی درایەوە!

خوێنەرانی ئازیز! جەماوەری ئازادیخواز!
هەروەکو لە وەڵامەکەی ئێمە بە ڕوونکردنەوەکەی ئاسایشی سلێمانی، کە هەر لەم ژمارەیەدا بڵاو کراوەتەوە، ئاماژەمان بەوە کردووە کە جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان نامەیەکی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك کردووە بۆ چارەسەری سیاسیانەی کێشەو بارگرژی نێوانمان، لێرەدا بۆ ئاشکراکردنی چەواشەوکاری‌یەکانی یەکێتی دەقی نامەکەتان بۆ بڵاو دەکەینەوە.

**بۆ بەرێز/ مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك**
**دوای سڵاو**

**هەروەك خۆتان ئاگادارن مەسەلەی دوورخستنەوەی مقراتی چەكدار ونەهیشتنی دیاردەی چەكداری لەسەر ژیان و گوزەرانی خەلك یەكیك لەخواستەكانی حیزبی ئیمەو خەلكی كوردستان بووەو هەمیشەش تەئكیدمان لەوە كردۆتەوە كەهیزی چەكداری حیزبەكان ببرینە دەرەوەی شار و دوور لەژیانی خەلك.**

**ئیمە ویرای ئەوەی لەریگای وەفدی هاوبەشی پاریزگاری سلیمانی و پەیوەندی‌یەكانی یەكیتی نیشتمانی‌یەوە ئاگادار بووینەوە لەبریارەكەو، دواتریش ئیمە بۆ گەیاندنی قسەو باسی سەرەتایی خۆمان و رۆشن بوونەوەی لایەنەكانی مەسەلەكە وەفدیكی خۆمان ناردە لای پەیوەندیەكانی ئیوە، بەلام بەداخەوە تائیستا زۆر یەك لە لایەنەكانی بریارەكەی ئیوە نارۆشن ماوەتەوە. ئیمە نازانین كە مەبەستی ئیوە بردنە دەرەوەی ئەحزابە یان هیز و بارەگای چەكداری حیزبەكانە؟ هاوكات ئیمە نازانین میكانیزمەكانی ئەم گویزانەوەیەو پیداویستی‌یەكانی لەلای ئیوەوە چی‌یەو چۆن دابین دەكری؟ كە دیارە ئەمانەش پیویستی‌یان بە قسە لەسەر كردنی راستەو خۆی هەردوولا هەیە. هەر لیرەدا باشترە ئەوەش بە ئاگاداری‌تان بگەیەنین كە ئەو هەنگاوانەی لەچەند رۆژی رابردوودا لە بەرامبەر ئیمەدا دەستیان بۆ براوە، لەچەشنی برینی ئاوو كارەبا و تەلەفۆناتی شەخسی و بارەگاكان كۆمەك ناكات بە چارەسەری كیشەكە، بەلكو وەزعەكە بەرەو ئالۆز بوونی زیاتر دەبات، وە ناچارمان دەكات بە وەلام دانەوە. كە دیارە كیشەكە گەورە دەكاتەوە، لەكاتیكدا ئیمە خوازیاری ئەمە نین. بۆیە ئیمە داوا دەكەین كە ئەو فرسەتە پیك بهینین تاكو ئەم مەسەلەیە لە ریگای گفتوگۆوە چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزینەوە.**
**بەسلاوی دووبارەمان**

**عوسمانی حاجی مارف (ئەمجەد غەفور)**
**جێگری سكرتیری كۆمیتەی ناوەندی**
**١٠–٧–٢٠٠٠**

بانگەوازیك بۆ ریزەكانی یەكیتی نیشتمانی كوردستان:

## بۆ ساتێك بیربكەنەوەو گەردنی خۆتان لەتاوانەكانی تاڵەبانی‌و نەوشیروان ئازاد بكەن!

**پیم وانی‌یە كەس گومانی لەوە هەبیت كە نەوشیروان مستەفاو جلال تالەبانی جوتیكن جەوهەری بیروباوەرو ریبازی سیاسی یەكیتیان لە ماوەی ٢٥ سالی رابردوودا رەسم كردوە. بۆیە ساتیك تی‌رامان لە كاروكردەوەكانی میژووی پر لە تاوانكاری ئەم جوتە، بەسە بۆ ئەوەی هەركەس لە خەسلەتی یەكیتی بگات‌و هەلویستی خۆی لە بەرامبەریدا یەكلابكاتەوە. من ئەم بانگەوازە لەو روانگەیەوە دەنوسم كە سەرباری میژووی رەش‌و پر لە تاوانی یەكیتی‌و ئەم جوتە، بەلام هیشتا بەشیكی زۆر لە ریزەكانی ئەم حزبە رەنگە بە روونی پەیان بە جەوهەری راستەقینەی حزبەكەیان نەبردبی. فریوكاری‌یەكان بەرچاوی گرتبن، خۆشباوەرن بەوەی یەكیتی بۆ لابردنی ستەمی میللی هەولدەدات، فروفیشالی پروپوچی ئازادیخوازی‌و مەدەنیەتی ئەم جوتە ریسوایە سەری لی شیواندبن‌و ریگا نەدات بیر بكەنەوە تا بزانن بە راوەستان لە پشتی ئەم جوتەی كە یەكیكیان رەمزی تەور وەشاندن‌و پارچە پارچە كردنی ئینسان‌و ئەوی دیكەیان رەمزی ریاكاری‌و دەست‌و پی ماچ كردنی هەموو ناكەسیكە، چ تاوانیكی میژووی دەخەنە ئەستۆی خۆیان.**

**من بە پیویستی نازانم باسی سەردەمی ٦٦ی تالەبانی بكەم كە ئەوكات دەسكەلای رژیمی بەعس بوو، چونكە هیچ كەس گومانی لەسەر ئەو میژووەی نی‌یە. بەلام رۆژگاریكی تر تالەبانی‌و حزبەكەی بە شیعاری رەخنەگرتن لە كلكایەتی‌و بەكریگیراوی بزووتنەوەی كوردایەتی بۆ دەولەتانی كۆنە پەرستی ناوچەكەو جیهان هاتنە مەیدانەوە. ناسیونالیستە نارازی‌یەكانی ئەوكاتەی لە خۆی كۆكردەوە. تالبانی‌و نەوشیروان رۆژگاریك كتابی سوری ماوتسیتۆنگیان نایە ژیربالیان ووتیان ئیمە ماركسیستین، ئەو رۆژگارە بەم ناوەوە لەبەرامبەر بالەكەی دیكەی بزوتنەوەی كوردایەتی‌دا هیزیان لە دەوری خۆیان كۆكردەوە. بەلام دوای ٢٥ سال نەوشیروان راشكاوانە دەلی من یەك رۆژ لە ژیانمدا ماركسی نەبووم، بەم جۆرە دەلی هەموو ئەوانەم فریودابوو كە ئەوكات بەم ناوەوە دوای خۆمم خستبوون.**

**سالی ١٩٨٢ بە فەرمانی تالبانی‌و بە شمشیری نوشیروان بۆ داسە پاندنی ملهوری خۆیان لە پشتئاشان گۆمی خوینیان بەریخست‌و كوشتاری سەدان كەسی حزبی شیوعیان كرد بۆ ئەوەی ریگای سات‌و سەودای خۆیان لەگەل رژیمی بەعس تەخت بكەن‌و لە سالی ١٩٨٣دا ئەمەیان كرد. دواتر ویستیان ئەم كوشتارگایە بە فریدانی تۆمەتی دواكەوتوانەو پروپوچ پاساو بدەن. سالی ١٩٨٣ تالەبانی‌و نەوشیروان خۆیان چون بۆ دەست‌و پی ماچ كردنی صدام‌و سەرانی بەعس. نەوشیروان (وریا)ی هاوكاری دیرینی خۆی بە تەور لەت‌وپەت كرد چونكە ویستبوی ئەوە ئاشكرا بكات كە نەوشیروان لە ناو شاردا مخالفینی خویانی پی تیرۆر كردبوو. ئەمەیان بۆ پاساو نەدرا بۆیە ویستیان بە كۆكردنەوەی پارچەكانی وریاو ئاخنینی لە گونی‌و دەفن كردنی، ئەم جەلادی‌یە پەردە پۆش بكەن. بەلام بۆیان پەردە پۆش نەكراو هەموو خەلك پی‌ی زانیەوو رۆژیك دەبی نەوشیروان لەسەر ئەم تەور وەشاندنە لە دادگای خەلكدا محاكەمە بكری. ئەوەی كە نەوشیروان هەفالە دیرینەكانی خۆی لە(ئالای شۆرش) شكە نجەداو سەری تاشین‌و ئەتكی كردن، بە نەنگیان نەزانی‌و نەیانشاردەوە.**

**تالبانی سالی١٩٨٢ لافی هاوكاری (برا كوردەكانی ئیرانی) لی‌دەداو هیزەكانی برد بۆ شەری جمهوری ئیسلامی، تا بەم جۆرە مەرجی گەرانەوە بۆ بەغدا بەجی‌بگەیەنی، تا لە نەورۆزی سالی ١٩٨٣ لە قەشقۆلی راشكاوانە ووتی(ئیمە لە پشتەوە خە نجەر لە سوپای عیراق نادەین)، چەند مانگ دواتر كە سات‌و سەوداكەی ئیفلافسی كرد كلكی لەگەل جمهوری ئیسلامی گری‌داو خە نجەرەكەی وەشاندو تەنانەت بە ئیعترافی نەوشیروان دەستی سوپای پاسدارانیان تا سەر چالە نەوتەكانی كركوك راكیشا. بە دووبارە كردنەوەی ئەم كارە بونە لایەنیكی تاوانی كوشتاری خەلكی هەلە بجە بە دەستی رژیمی تاوانباری بەعس. سالی ١٩٩١ كاتیك كە جەماوەری ملیونی خەلكی كوردستان بۆ دەرباز بوون لە كوشتارگای صدامی جەلاد ئاوارەی شاخ‌و دەشت بوون، تالبانی گەیشتە بەغداو لاملی ئەو جەلادەی بە پیش چاوی خەلكی ئاوارەوە ماچ كرد. چەند مانگ دواتر لە ووتاری هەولیردا حەوت بەردی نارد بە دوای ئەم رژیمەدا. پاش دیتنی كورسی حوكم لە ژیر خۆیان چون دەزگای تیرۆی ئیتلاعاتی جمهوری ئیسلامیان هینا بۆ ئەوەی لە "كوردستانی‌ئازاد برا كوردەكانی ئەودیویان" و مخالفینی دیكەی خۆی تیرۆر بكات‌و تا ئیستا سەدانیان لی كوشتار كردون. دەزگای پۆلیسی تالبانی بەلگەنامەی رەسمی ئەم هاوكاری‌یەی لەگەل نوینەری ئیتلاعات ئیمزا كردووو ئیمە بلاومان كردوەتەوە. شیوەنی تالبانیش لەسەر گۆری خومەینی كۆنە پەرست‌و ئینسان كوژ بۆ هەموان ئاشكرابوو. سالی ١٩٩٦ لە شەوی تاریكدا كارەبای شاری سلیمانیان بری‌و پاسداریان بردە سەر هەر ئەو (برا كوردانەی) ئیرانیان كە پیشتر بەرامبەر هەمان رژیم شەری پشتیوانی ئەوانیان كردبوو.**

**رۆژگاریك بۆ مصلەحەتی رۆژیان شەری بزووتنەوەی ئیسلامی‌یان كردو دەست‌و پیوەندەكانی تالبانی كەوتنە خۆ بۆ ناساندنیان وەكو كۆنە پەرستی سەلەفی‌وتیرۆریست‌و درندەو دالی ئینسان خۆرو رابەری ئەم تاقمەیان ئەتك كرد. زۆری نەبرد روومەتی هەر ئەم تاقمەی ماچ كردو خەلكی پی‌یان قەرزاربار كرد. دواتریش دەستی راكیشان بۆسەر كورسی وەزارە تخانە كارتۆنیەكەی‌و مەدالیایی شەرەفمەندی كردە ملیان. ملەفی پر لە ریكاری‌و ریسوایی‌و تاوانكاری ئەم جوتە لە ژماردن نایەت، ئەمانە مشتیكن لە خەرواریك. بەلام ئاخرین شەرمەزاری ئەمانە بەلینی ئەمجارەی تالبانی بوو كە گفتی‌دا بە رەحیمی صفوی فەرماندەی سوپای پاسداران بۆ كوشتاری كۆمۆنیستەكان‌و پەلاماری درندانەی بزوتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان‌و بەرگری لە مافی ئەو مندالانەی خۆیان باوك كوژراوو بی نان‌و بی لانەیان كردون. بەریوەبردنی ئەم جەریمەیەشی بە نەوشیروانی ئەندازیاری ئینسان كوشتن سپارد. بەهانەكانیان بۆ ئەم تاوانە هەرچی‌یەك بیت، ئەوە ئاشكرایە كە یەكیتی بە شیعاری دەربازكردنی بزوتنەوەی كوردایەتی لە ئیفلاسی هاتە مەیدانەوە، بەلام دوای هەموو زیكزاكە سیاسی‌یەكانی، دوای ئەوەی سەرانی هیچ دەولەتیكی كۆنە پەرستی ناوچەكە نەما جەنابی تالبانی دەست‌و لاملیان ماچ نەكات، دوای كارەساتیك كە بەسەر خەلكی كوردستانیان هینا، دوای ئەوەی بە قەولی نەوشیروان لە هەموو حزبیك كوشتاریان كرد، ئەمرۆ ئیتر خودی یەكیتی بە ئیفلاسی سیاسی گەیشتوە، لە هەموو مەیدان‌و لە هەموو شتیكدا دۆراندویەتی، ئیتر كاتی هەلوەرینی پەروبالی خۆیەتی. پالدان بە دیواری لەرزۆكی جمهوری ئیسلامی‌یەوە زۆرتر بە ناخی ئیفلاسی‌و داروخاندا دەییاتە خوارەوەو رزگاری ناكات.**

**مەلەفی ئەم جوتە ئاشكرایەو لە باس كردن نایەت، بەلام پرسیار ئەوەیە ئیوە بۆچی‌و هەتاكەی لەگەل میژووی رەش‌و تاوانەكانی ئەمانە هەلدەكەن؟! ئایا دیسان بە پاساوە ریسواكانی ئەوان لە بابەت " دەمانەوی مقری چەكداری لە شارەكان بەرینە دەرەوە، ئەوان تەقەیان لە ئاسایش كردوە،و..." باوەر دەكەن؟! تا كەی شەریكی تاوانەكانی ئەمانە دەبن؟! تا كەی رازی دەبن كارنامەی ئەمانە بكەویتە گەردنی ئیوەش جمهوری ئیسلامی بە بەرچاوی دنیاوە بەرەو گورستان دەروات، یەكیتی دۆراوەو لەگەل رۆشتنی ئەم رژیمە چە پەلەدا دەكەویتە بەردەم دادگای خەلكی ئازادیخوازو ژنانی ستەمدیدە، هەركەس نەیەوی لەو دادگایە پەلەی تاوانكاری ئەوان بكەویتە سەر روومەتی، ئەمرۆ رۆژی ئەوەیە خۆی لە میژووی ئەمانە جیا بكاتەوە. ریزەكانی یەكیتی بە جی‌بهیلن، ئەم تاوانە ریسوا بكەن‌و گەردنی خۆتان ئازاد بكەن. تا ئیستا بەهەر دەلیلیكی شخصی‌و بەهەر لیكدانەوەیەكی سیاسی لە ناوی یەكیتی ماونەتەوە، بەلام كاتی ئەوەیە خۆتان لەم زەلكاوە رزگار بكەن كە ئەمانە خۆیان تیا نقوم كردوە.**

**كەسانیك دەستیان پی‌كردوەو ئەم ریگا شەرافە تمەندانەیەیان هەلبژاردوە، ئیوەش دوامەكەون.**

**رێبوار ئەحمەد /٢٣–٧–٢٠٠٠**